# بەراوردی عەشقی عیرفانی لە شیعرەکانی صافی هیرانی و مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی دا

فریاد نیهاد حاجی          پ.د. سیروان جەبار ئەمین(زەند)

**پوختە**

مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و صافی هیرانی دوو شاعیر و عاریفی بەناوبانگی ئەدەبی فارسی و کوردین، کە لە دووتوێی شیعرەکانیاندا بابەتی عەشق و تایبەتمەندییەکانیی بە شێوەیەکی بەرچاو ڕەنگیان داوەتەوە. هەرچەندە ئەدیب و شارەزایانی بواری ئەدەب لێکدانەوە و شیکردنەوەی زۆریان سەبارەت بە هۆنراوەکانی ئەم دوو شاعیرە کردووە، بەڵام لە مەیدانی بەراورد و هەڵسەنگاندندا، هەتا ئێستا کارێکی ئەوتۆ لە بواری عەشقی عیرفانی لای ئەم دوو شاعیرە ئەنجام نەدراوە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵمانداوە تیشک بخەینە سەر عەشق و تایبەتمەندییەکانیی عەشق و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانی چەمکی عەشق لە نێوانیان دەست نیشان بکەین. ئەو دەرەنجامانەی لە شیکردنەوەی شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە بەدەست هاتوون، دەرخەری ئەوەن عەشقی حەقیقی چەند تایبەتمەندییەکی هەیە، کە لە شیعرەکانی هەر دوو شاعیردا بە ڕێژەی جیاواز دیار و بەرجەستەن. هەروەها سەرەڕای ئەو مەودا زۆرە زەمەنییەی نێوان ژیانی هەردوو شاعیر، ڕوانگەی هەردووکیان سەبارەت بە عەشق تاڕادەیەکی زۆر هاوشێوە و وەک یەکە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە سەرچاوەی هزر و جیهانبینی ئەم دوو شاعیرە شەریعەت و عیرفانی ئیسلامی بووە.

**وشە کلیلییەکان:** عەشق، عیرفان، مەولانا، صافی، عاریف

## پێشەکی[1]

بە خوێندنەوە و وردبوونەوە لە شیعرەکانی مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی بۆمان دەردەکەوێت، کە ئەم شاعیرە لە ئەدەبی فارسیدا پێگەیەکی دیار و تایبەتی هەیە، لەم توێژینەوەیە هەوڵ دەدەین چەمکی عەشق لە هزری مەولانا لەگەڵ شاعیرێکی کورد بەراورد بکەین. بۆ ئەم مەبەستە ئێمە صافیی هیرانی وەکو شاعیرێکی کورد، کە خاوەن جیهانبینی عیرفانییە هەڵدەبژێرین. مەولانای ڕۆمی و صافی هیرانیی هەروەکو زۆربەی شاعیران لە شیعرەکانیاندا لە عەشق، چۆنیەتی عەشق، هەروەها پێگەی عەشقی حەقیقی لە دیدگای عاشقان دواون. لەم سۆنگەیە کە ئەم دوو شاعیرە خاوەن عەشقی عیرفانین و مەبەستیان لە مەعشووق، زاتی خودایە، دەبێت ڕوانگەیەکی هاوشێوەیان سەبارەت بە عەشق و تایبەتمەندییەکانیی هەبێت، بۆیە مەبەست لەم توێژینەوەیە ئەوەیە کە سەرەڕای ئەو مەودا زۆرە زەمەنییەی نێوان ژیانی هەردوو شاعیر، بە شیکردنەوەی شیعرەکانیان، خاڵە هاوبەشەکان لە هزری هەر دوو شاعیر سەبارەت بە عەشق و واتاکانی پەیوەست بە عەشقەوە دەستنیشان بکەین و ئەگەر جیاوازییەکیش لە بۆچوونەکانیان هەبێت بیانخەینەڕوو.

## هۆی هەڵبژاردنی بابەت

سەرەڕای ئەوەی دیوانی صافی سەرانسەر باس لە عەشق و دووریی و هیجرانی عاشق لە مەعشووق دەکات و دەتوانین بڵێین هەوێنی سەرەکی زۆربەی شیعرەکانی بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان

[1] ئەم توێژینەویە بەشێکە لە نامەیەکی ماستەر، کە لە بەرواری ٢٠٢٣/٥/١٠ لە زانکۆی سۆران گفتگۆی لەسەر کراوە و پەسەندکراوە و هەتا ئێستا لە هیچ شوێنێک بڵاونەکراوەتەوە.

ناڕاستەوخۆ پەیوەستە بە عەشقەوە، بەڵام هەتا ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی ئەکادیمی بە مەبەستی شیکردنەوە و لێکدانەوەی چەمکی عەشق لە دیوانەکەیدا ئەنجام نەدراوە. لەلایەکی تر بەراوردکردنی جیهانبینی شاعیرێکی کورد سەبارەت بە عەشق لەگەڵ قوتبێکی عیرفان کە تێڕوانینی تایبەتی بۆ عەشق و عیرفان هەیە، دەتوانێت بەها و پێگەی صافیی هیرانی لە جیهانی عیرفان دەستنیشان بکات، واتە ئەم توێژینەوە بەراوردکارییە، وێنەیەکی وردتر لە هزر و دنیابینی صافی دەخاتە بەردەست. هەروەها بۆ یەکەمجارە تیشک بخرێتە سەر شیعرە فارسییەکانی ئەم شاعیرە و چەمکی عەشق تیایاندا بەرجەستە بکرێت.

**پرسیاری توێژینەوە**

١- چەمکی عەشق و تایبەتمەندییەکانی لە شیعری هەردوو شاعیر بە چ شێوەیەکە؟

٢- ئایا ڕوانگەی ئەم دوو شاعیرە سەبارەت بە عەشقی عیرفانی، تایبەتمەندییەکانی عەشق و یەکێتیی بوون، هاوشێوەیە یا خود جیاوازە؟

**گریمانەی توێژینەوە**

١- گریمانەی ئێمە ئەوەیە، هەرچەندە زمان و دەربڕینی مەولانای ڕۆمی و صافی هیرانیی عاشقانەیە، بەڵام شیعرەکانیان عاریفانەن و باس لە عەشقێکی حەقیقی دەکەن.

٢- دەکرێ هەردوو شاعیر بە شێوەیەکی لێکچوو چەمکی عەشقییان خستبێتەڕوو و ڕەهەندە جیاوازەکانی عەشقیان نیشاندابێت.

**مێتۆدی توێژینەوە**

مێتۆدی توێژینەوە (وەسفی _ شیکاری_ بەراوردکاری)یە و پەیڕەوی قوتابخانەی ئەمریکی دەکات، لەبەر ئەوەی تیشک دەخاتە سەر

خاڵـە هاوبـەش و جیاوازەکـانی نێـوان هـەردوو شـاعیر و بـاس لـە کاریگەریی شاعیرێک بەسەر شاعیرێکی تر ناکات.

### ١-١ وشە و زاراوەی عەشق

لـە فەرهەنگـەکانی زماندا هـاتووە کـە وشـەی عەشـق لـە عەشـەقەوە وەرگیراوە و عەشـەقە گیایەکە لـە بنی دارەوە ڕەگ دادەکوتێت و خۆی بە قەدی دارەکەوە دەئاڵێنێت و پێی هەڵدەزەنێت تاکو تەواوی دارەکە لـە خۆ دەگرێت و بە شێوەیەک دەیخاتە بەر ئەشکەنجە، کە هیچ شێوەیەک بە دارەکەوە نامێنێت و هەر خواردنێک کە بە هۆی ئاو و هەواوە دەگاتە دارەکـە بـە تـاڵانی دەبـات تـاکو دارەکـە وشـک دەبێت)صـادقی و یاریـان، ١٣٨٦: ١٠٤). عەشقیش ئەگەر بگاتە کەمالیی خۆی، هێز لە پەک دەخات، هەستەکان لە کار دەخات، مەیل بۆ خواردن ناهێڵێت، لە نێوان عاشـق و خەڵکدا دڵتـەنگی دروسـت دەکـات و عاشـق یـان نـەخۆش دەکـەوێت یـان شێت دەبێت(طاهری زادە و زابلی، ١٤٠٠: ٨). کەواتە عەشق وەکو گیـای عەشەقە کارێکی وا بە جەستەی عاشق دەکات و وا دەیسـووتێنێت تـاکو ڕۆحی بەرەو پشکۆتن، گەشانەوە و تەروتازەیی بڕوات.

### ١-٢ چەمک و ناساندنی عەشق

دەتـوانین بڵێـین پێناسـەکردنی عەشـق کـارێکی ئاسـان نییـە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لەلایەک عەشق وەکو هـەموو چەمکـە ئەبستراکتەکان پێناسـەکردنی لـە چوارچێوەیـەکی دیاریکراوەوە کـارێکی ئەسـتەمە، لەلایـەکی تـر، جیاوازییـە کلتوورییـەکان لـە نێـوان وڵاتـەکان و نەتەوە جۆراوجۆرەکان و تەنانەت جیاوازیی مانای عەشق لـە قۆنـاغێکی مێژوویی بۆ قۆناغێکی تر، دەرفەتی وەدەستخستنی پێناسـەیەکی گشتگیر و سـەرانسـەری سـەبارەت بە عەشقی تاڕادەیەک مەحاڵ کردووە.

بابەتی عەشق گرنگییەکی زۆری لەلای شاعیر، فەیلەسووف، دەروونناس و کۆمەڵناسەکانەوە هەیە، ئێمەش هەوڵدەدەین لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە چەمکی عەشق بخەینە بەرباس، تاوەکوو کەمێک لە واتای چەمکی عەشقمان لەلا ڕوون ببێتەوە.

وەکو زۆربەی دیاردە بوونەکانی دیکە سەرەتای باسی عەشق بۆ یۆنانییەکان دەگەڕێتەوە بەتایبەت ئەفلاتوون کە لەم باریەوە سینگەر[2] دەڵێت، هەر باسێک سەبارەت بە عەشق، چ عەشقی ڕۆمانتیک بێت یان ئاینی، دەبێت بە ئەفلاتوون دەست پێ بکرێت (ابراهموف، ۱۳۸۸: ۱۱). ئەفلاتوون لە نامەکەی **میوانی** دا لەسەر زمانی مامۆستاکەی سوکرات باسی عەشق دەکات. لە ڕاستیدا ئەم فەیلەسووفە عەشق بە دوو ئاراستە و چەمک پێناسەدەکات؛ یەکەم، ئەو عەشقەی کە لە هێزی چێژخوازیی مرۆڤ سەرچاوەی گرتووە، کە ڕەمەکییە و یەکەمین هێمای عەشقە، دووەم، عەشقێک، کە هەوڵدانە بۆ گەیشتن بە کەمالیی مرۆڤ (افلاطون ۱۳۸۱، ٦٦). بە بڕوای ئەفلاتوون، ئەو مەیل و تامەزرۆییەی ڕوخسارێکی جوان لە یەکەم حاڵەتدا لە مرۆڤدا دەیهێنێتەکایەوە، شکست بە هێزی ژیری دەهێنێت، کەواتە ئەگەر لە دەروونی ئێمە ویستێکی داماڵراو لە ژیری، بەسەر هێزی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە چاکە سەربکەوێت و هەڵوەدای جوانیی ڕوخسار بین و بە ئاراستەی جوانیی جەستە ڕابکێشرێین، ئەو حاڵەتەی لە ئەنجامی ئەم ڕاکێشانە دێتەکایەوە بە عەشق ناوزەد دەکرێت (شمشیری ۱۳۸۵، ٥٦).

---

[1]-مامۆستای فەلسەفەیە لە ماساچۆسێت و کەمبریج کە خاوەنی بڕوانامەی ph.d یە لە زانکۆی هاروارد و چەندین بەرهەمی هەیە کە بەناوبانگترینیان the nature of love کە لە سێ بەرگدایە.

بەڵام عەشق لە حاڵەتی دووەمدا، جۆرێکە لە چاکە، کە ئەفلاتوون بە نموونە بەناوبانگەکەی ئەشکەوت گرێی دەدات بە جۆرێک، عەشق و خۆشەویستی ئەم جیهانە دەکرێ وێنەیەک و بیرهێنانەوەیەک بێت لە عەشقێکی حەقیقی کە پێشتر لە جیهانی باڵادا بینیومانە و دەکرێ ڕوخساری جوانیی مەعشووق لەم جیهانەدا پردێک بێت بۆ گەیشتن بە عەشقی ئیلاهی و ئامانج گەیشتن بێت بە جوانی ڕەها، کە ئەمەش ناهێتەدی مەگەر بە پاکیی نەفس و کەوتنە حاڵەتێکی شێتیی پۆزەتیف کە هزری تاک لەهەر شتێک بە دوور دەخاتەوە جگە لە سەرچاوەی خێر و چاکە (افلاطون ١٣٨١، ٩٧).

ئەمجارە باس لە یەکێک لە دیارترین بیرمەندانی جیهانی ئیسلام دەکەین کە ئیبن سینایە و ڕوانگەی ئەو سەبارەت بە عەشق دەخەینە بەرباس. ئیبن سینا لە بەرهەمەکەی (**رسالةعشق**)دا بڕوای وایە عەشق هەموو ئاستەکانی هەبوون لە لاوازترین پلە تا بەهێزترین پێگەی خۆی، واتە زاتی حەق(خودا)ی تەنیوە، هەروەها هەر بوونەوەرێک ئەو شتەی بۆ خۆی بە گونجاو دەزانێت ستایشی دەکات و ئەگەر بێبەش بێت لێی بەرەو ئەو شتە پەلکێش دەبێت. هەر شتێک بە شێوەیەکی سروشتی مەیلی بەرەو کەمال و کامڵبوون هەیە و بەمەش خۆی لە کێمایەسی بەدوور دەگرێت (خادمی و باغخانی ١٣٩٣، ٧٣).

لە زانستی دەروونناسیشدا عەشق یەکێکە لە بابەتە جێ بایەخەکان، کە چەندین دەروونناس دیدگای خۆیان لەبارەی ئەم بابەتە خستووەتەڕوو. بۆ نموونە زیگمۆند فرۆید(١٨٥٦-١٩٣٨)ی باوکی دەروونزانیی نوێ؛ عەشق تەنها لە جەستەدا قەتیس دەکات. بە بڕوای ئەو عەشق شتێک نییە جگە لە وەجۆشوخرۆش کەوتنی هێزی مەیلی سێکسی یان لیبیدۆ، واتە عەشق هەمان مەیلی سێکسیی مرۆڤە بۆ

مرۆڤێکی تر بۆ ئەوەی بتوانێت نیاز و پێویستییەکانی خۆی بەجێ بهێنێت. کەوابوو ویستە جەستەییەکانن کە مرۆڤەکان بۆ لای یەکتر ڕادەکێشن و لەم جۆرە عەشقەدا، چێژی تاک گرنگترین بابەتە (نجفی ١٤٠٠، ٤٦).

## ١-٣ عەشق لە ڕوانگەی عاریفانەوە

لە ڕاستیدا پێناسەکردنی عەشق یەکێکە لە ئاڵۆزترین بابەتەکانی نێو باسە عیرفانی و فەلسەفییەکان. هەندێک لە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە بڕوایان وایە دەکرێت عەشق پێناسە بکرێت و چەندین پێناسەی جۆراوجۆریان بۆ عەشق خستووەتەڕوو، هەرچەندە هیچ کامیان پێناسەیەکی پڕ بەپێستی چەمکی عەشق نین. لەبەرانبەردا هەندێکی تر لەو باوەڕەدان بە هیچ شێوەیەک عەشق پێناسە ناکرێت و ناتوانین عەشق بخەینە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە، بۆیە ئەو پێناسانەش کە سەبارەت به عەشق کراون زیاتر دەرخەری سیفات و کاریگەرییەکانی عەشقن نەک خودی عەشق (زەند ٢٠١١، ١٣٠). بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی ئەوەی ڕێگری بکرێت لە بیرمەندانی ئەم بوارە لە وەسفکردنی جەوهەر و ماهییەتی عەشق. لەبەر ئەوەی عاریفان بڕوایان وایە عەشق دەرخەری بەرزترین شێوەی پەیوەندیی نێوان مرۆڤ و خودایە، بۆیە زۆربەی بیرمەندانی عیرفانی ئیسلامی لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە هەوڵی وەسفکردنی ماهییەتی عەشقیان داوە (نزهت، مظفری و جبارپور ١٣٩٧، ٨).

لێرەدا بۆچوونی چەند کەسایەتییەکی عاریف سەبارەت بە عەشق دەخەینە بەر باس، کە کاریگەرییان لەسەر بیر و هزری جیلەکانی پاش خۆیان هەبووە، سەرەتا بە ڕابیعەی عەدەوییە دەست پێ دەکەین کە بەناوبانگترین ئافرەتی عاریفی موسوڵمانە.

هەتا سەدەی سێیەمی کۆچی بە دەگمەن قسە دەربارەی خۆشەویستی بۆ خودا دەکرا و سۆفیگەری زیاتر لەسەر بنەمای ترس و زوهد و چلەکێشی بووە. بۆ یەکەمجار ئافرەتێک بە ناوی ڕابیعە کە خەڵکی بەسرە بوو بابەتی عەشق و خۆشەویستی ئیلاهیی دەورووژێنێت (ستاری ١٤٠٠، ٩٤). ئافرەتێک کە توانی لەم بوارەدا هەنگاوی بڵیند بهاوێت و بگاتە لوتکە. عەشقی پەروەردگار بە جۆرێک دڵ و دەروونی ڕابیعەی تەنی بوو کە وجودی پڕاوپڕ شەوق و شادی بوو، بۆیە زۆربەی عاریفانی هاوسەردەمی ئارەزووی حاڵ و دۆخی(احوالات) ئەویان هەبوو (بسطام ١٣٩٢، ٢٤).

ڕابیعە دژی ئەوە بوو ئیماندار بە مەبەستی بەدەستهێنانی پاداشت یان خۆبەدوورگرتن لە سزا لە ڕۆژی قیامەتدا خزمەت بە خودا بکات. ئەو دەیوست ئاو بە ئاگری جەهەنەمدا بکات و بەهەشتیش بە ئاگر بسووتێنێت، تاکو چیتر کەس بۆ ئەم دووانە خوداپەرستی نەکات، چونکە بە بڕوای ئەو ئەمانە وەکو حیجابێک وان و ڕێگەی گەیشتنی ڕێبوار بۆ لای مەعشووق ئەستەم دەکەن. بە باوەڕی ڕابیعە، دەبێت مرۆڤ بەو پێشهاتانەی خودا لەسەر ڕێگەی داناون، بە باش و بە خراپەوە، ڕازی بێت و تەنها خۆشەویستی و عەشقی خودا بەلاوە گرنگ بێت. دەڵێن لە شوێنێکدا گوتوویەتی: "عەشقی خودا سەرانسەر شەیداییە، و هیچ جێگایەک بۆ عەشقی تر و تەنانەت بۆ کینە و نەفرەتیش ناهێڵێت." هەروەها مرۆڤ دەبێت دڵبەندییەکانی خۆی لەگەڵ دنیا بپچڕێنێت و شتە مادییەکان بەلاوە بنێت، تاکو بگات بە بارەگای ڕۆحانی، کە تێیدا خودا بە جوانییەکی ڕەها، خۆی ئاشکرا دەکات (ابراهموف ١٣٨٨، ٤١).

بایەزیدی بەستامی سۆفییەکی بەناوبانگی سەدەی سێیەمی کۆچییە کە لەناو عاریفان لە بواری عەشق، سەکر و فەنا، پێشەنگ بووە. ئەو بەردەوام ڕووبەڕووی نەفسی خۆی بووەتەوە و لە هەوڵ و تێکۆشاندا بووە بۆ گەیشتن بە زاتی خودا و لە عیرفاندا گەیشتووتە پلەیەک کە جونەیدی بەغدادی لەبارەیەوە دەڵێت: "بایەزید لەناو ئێمەی عاریفاندا هەروەک جوبرائیل بووە لەناو فریشتەکان" (انصاری فرد ١٣٧٥، ٢٥).

بایەزید ڕای وایە عاریف تەنها بە سووتان و توانەوە لە مەعشووقدا دەگاتە کەمال. بە باوەڕی ئەو، پەروەردگار تاک و یەکتایە و هەر بە یەکتایی دەمێنێتەوە. هەر کەسێک خودا بناسێت، تەنها ئەو دەبینێت و زمانی جگە لە حەق لە بۆ هیچ شتێکی تر نادوێت، هەروەها نابێت عاریف خۆی بە سامان و ڕواڵەتەکانی ئەم جیهانە خەریک بکات. حەق تەعالا لە ناخی هەموو مرۆڤێکدا هەیە، بەڵام هەموو کەسێک توانای ناسینی ئەوی نییە و درک بە بوونی ناکات. "دەبێت ئەو کەسەی پەروەردگاری خۆشدەوێت وەکو دەریا بەخشندە، وەکو خۆر بە بەزەیی و دڵسۆز و هەروەکو زەوی خاکەڕا و خۆبەکەم زان بێت" (بسطام ١٣٩٢، ٢٥).

ئیبن عەرەبی بەم شێوەیە باسی عەشق دەکات: "هەر کەسێک عەشق پێناسە بکات، ئەوا عەشقی نەناسیوە و هەر کەسێک قومێک لە پیاڵەی عەشقی نەخواردبێتەوە نەی ناسیوە، ئەو کەسەی دەڵێت لە پیاڵەی شەرابی عەشق تێرئاو بوومە دیسانەوە نەی ناسیوە؛ چونکە عەشق شەرابێکە هیچ کەسێک تێرئاو ناکات" (حائری ١٣٨٦، ١٤٤).

## ٢- عەشق لە شیعرەکانی مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی و صافی هیرانیدا

لەم تەوەرەیەدا، کە بەشی سەرەکیی توێژینەوەکەیە، لێکدانەوە بۆ چەمکی عەشق لە شیعرەکانی صافیی هیرانی و مەولانای ڕۆمی دەکرێت و بەپشتبەستن بە شیعرەکانی ئەم دوو شاعیرە دیدگای ئەوان

سەبارەت بە عەشق، جۆرەکانی عەشق، کاریگەریی عەشق لەسەر هزری ئەوان تاوتوێ دەکرێت و بە شێوەیەکی هەمە لایەنە هەڵسەنگاندن بۆ یەکێک لە پڕفریکوێنسیترین چەمەکەکان لە دیوانی صافی و مەسنەویی مەعنەوی و دیوانی شەمسی مەولانادا، دەکەین.

## ٢-١ عەشق و ئافراندن

لە فەرموودەیەکی قودسیدا هاتووە، حەزرەتی داوود هۆکاری ئافراندنی جیهانی لە خودای گەورە پرسیوە، کە حەرزەتی حەق بەم شێوەیە وەڵامیداوەتەوە: "کنت کنزا مخفیا، فاحببت ان اعرف، فخلقت الخلق لکی اعرف". هەر بەپێی ئەم فەرموودەیە، عاریفان بناغە و بنەچەی هاتنەدی جیهان بۆ عەشقی خودا بۆ جوانیی خۆی دەگەڕێننەوە، کە بووەتە هۆی دەرکەتنی ناوەکانی (اسماء) خودا و بەمەش بوون بەدیهاتووە (کشفی ١٤٠٠، ١٩). واتە ئەو کاتەی خودا بە تەنها بوو و جگە لە ئەو هیچ بوونەوەرێکی تر نەهاتبووە بوون، بە هۆی ئەو زانستە ئەزەلییەی خودا لە زات و جوانیی خۆی هەبوو، عاشقی جوانیی خۆی بووە، واتە خۆی هەم عاشق بووە و هەم مەعشووق، پاشان ویستوویەتی جوانیی خۆی ئاشکرا بکات و خۆی لە غەیری خۆیدا ببینێتەوە بۆیە گەردوونی لە شێوەی خۆی ئافراند. کاتێک پەروەردگار گەردوونی لە وێنەی خۆی هێنایە بوون، جیهان بوو بە شوێنی تەجەللای ئەو، ئەمە بووە هۆی ئەوەی جگە لە جەمالی خۆی لە گەردووندا هیچ شتێکی تر بەدینەکات (ابن عربی ١٤٠٠، ٣١).

کەواتە کاتێک خودا گەردوونی لە ئەوپەڕی جوانی و کەمالدا ئافراند و لەبەر ئەوەی جوانی و عەشق لەگەڵ یەکتری دێن و تەواوکەری یەکترن، سەرەتا خودا عاشقی جوانیی خۆی بوو و پاشان ئەم عەشقە بەسەر هەموو بووندا بڵاوبووەوە. کەوایە بەپێی باوەڕی عاریفان

عەشق سەرچاوە و حەقیقەتی بوونە، سەرەتا عەشق هاتووتەکایەوە، لە پاشان گەردوون و مرۆڤ ئافرێنراون. بە دەربڕینێکی تر، ئامانج لە ئافراندن و هەبوون عەشق بووە، ئەگەر عەشق نەبووایە جیهان و ئەوەی تێیدایە نەدەئافرێنرا، بۆیە تەواوی ئافرێنراوان لە یەک حەقیقەت، کە عەشقە سەرچاوەیان گرتووە (بخشنده بالی و شوبکلایی ١٣٩٧، ٦٠).

ئەم باوەڕە لە هۆنراوەی ئەو شاعیرانەی ڕێچکەی سۆفیگەری و عیرفانیان گرتووەتە بەر یاخود ئەو عاریفانەی سروشتێکی شاعیرانەیان هەبووە ڕەنگیداوەتەوە.

مەولانای رۆمی عەشق بە بنەمای ئافراندن دەزانێت و باوەڕی وایە جیهان لە عەشق و بۆ عەشق هاتووەتەبوون:

گر نبودی عشق هستی کی بودی

کی زدی نان بر تو و کی تو شدی (سروش ١٣٧٦، ٧٩٨)

ئەگەر عەشق نەبووایە، چۆن دەکرا جیهانی بوون بێتەکایەوە و نان چۆن خۆی پێشکەشی تۆ دەکرد و دەبوو بە بەشێک لە تۆ. بنەڕەتی بوون بۆ عەشق دەگەڕێتەوە، دیاردە و تۆخمەکان لە گەردووندا بەرگەی شکست و ناخۆشییەکان دەگرن تاکو ڕۆژێک لە ڕۆژان لە خاکی نەبوونەوە نەمامی عەشقیان شین ببێت (س. سجادی ١٣٨٢، ٢١). لێرەدا مەولانا نموونە بە گەنم دەهێنێتەوە؛ کە چۆن بەرگەی خاک دەگرێت، لە پاشان چۆن بەرگەی ددانۆکی بەردئاشەکان دەگرێت کاتێک گەنمەکە دەهاڕن تاکو ببێت بە ئارد و ئارد ببێت بە نان و نان ببێت بە گیان.

لە شوێنێکیتر دەڵێت:

گرنبودی بهر عشق پاک را

کی وجودی دادمی افلاک را (سروش ١٣٧٦، ٨٣٣)

ئەگەر بە هۆی عەشقەوە نەبوایە کەی دەکرا ئاسمانەکان بێنەدی. لەم دێرەدا بەدەردەکەوێت، کە مەولانا تا چ ڕادەیەک عەشق بە گرنگ دەزانێت و باوەڕی وایە هۆکاری سەرەکیی هاتنەدیی بوونی ئێمە و گەردوون هەمووی بەهۆی عەشقەوە بووە و بە ئەگەری نەبوونی عەشق هیچ شتێک نەدەئافرێنرا.

صافیی هیرانی عەشق بە بناغە و بنەمای بوون دادەنێت. صافی هۆکاری ئافراندن و بوونی ئێمە بۆ عەشق دەگەڕێنێتەوە و باوەڕی وایە چونکە عەشق بووەتە هۆی هەبوونی ئێمە، هەر عەشقیش دەتوانێت چارەسەر و دەرمانی نەخۆشی و شڵەژانە دەروونییەکان بکات، کە ڕێبوار بە هۆی دووری لە مەعشووق تووشی دەبێت:

چون اثر عشق بود علت ما ای صنم

کس نتوان دوا کردن بیمار ما (صافی ٢٠٠٤، ٣٢٨)

صافی لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

جوزئێکی سیفاتە دوو جیهان اول و آخر

سیرڕێکە لە ذاتا چ خەفابێ چ جەلابێ (صافی ٢٠٠٤، ٢٣٩)

بە بڕوای ئیبن عەرەبیی، کە کاریگەریی بۆچوونەکانی لەسەر بەشێک لە عاریفاندا ماوەتەوە، عەشق سیفەتێکە لە سیفەتەکانی خودا (ابن عربی ١٤٠٠، ٢٤). صافیش هاتنەدیی هەردوو جیهان بۆ عەشق دەگەڕێنێتەوە، چونکە بە باوەڕی ئەو، عەشق یەکێکە لە سیفەتەکانی پەروەردگار و خوداش هەر بە هۆی ئەو عەشقە، کە لە جوانیی خۆیدا بەدیکرد، بوون و گەردوونی ئافراند بۆ ئەوەی جوانیی خۆی تێدا ببینێت. لەلایەکی تر لە فەرهەنگی زاراوە عیرفانییەکاندا "اول و آخر" لە سیفەتەکانی پەروەدگارن، ئەوە کە هەر لە ئەزەلەوە هەبووە و بوونی

بەدیهێناوە و تاکۆتاییش، واتە هەتا ئەو کاتەی هەموو بوون لەناویدا دەتوێتەوە دەمێنێتەوە (ج. سجادی ١٣٧٠، ١٥٦). بۆیە صافی باوەڕی وایە هەردوو جیهان لە عەشقەوە بەدیهاتوون و عەشق هۆکاری ئافراندنی گەردوونە. هەروەها هەرچەندە خودا لە پلەی زاتدا وجودی بۆ هیچ کەسێک ناسراو نییە، بەڵام لە پلەی ناو و سیفەتەکانیدا کە فرەییەکانی گەردوونن، بە دەردەکەوێت و لەبەر ئەوەی هەموو بوون بە هۆی شەرابی محەبەتەوە هاتووەتەکایەوە، بۆیە عەشقیش لە تەواوی بووندا لە جوڵەدایە و وجودی هەر بوونەوەرێک بە غەیب و بینراوەوە لە عەشق بێبەش نییە.

لە غەزەلێکی تردا:

بر نسخه صغرای تو کونین برد رشک
چون نسخه صغرای تو کبرای محبت
در معنی کبرای تو شد سرِ خلایق
ای سرِ دو عالم ز تجلای محبت (صافی ٢٠٠٤، ٣٦١)

لێرەدا دەردەکەوێت صافی شارەزایی لە زانستی مەنتقیشدا هەبووە، چونکە لەم دوو دێرەدا زاراوەی "صغرا"و "کبرا" ی بەکارهێناوە، کە پەیوەندییان بە "قیاس"ەوە [١٢] هەیە، ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی

---

١٢- قیاس بریتییە لە وتەیەک کە لە چەند پێشهاتێک(قضیە) پێکهاتووە و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتری هەیە: (ئاسن، کانزایە؛ هەر کانزایەک لە ئەنجامی گەرمکردنەوە لێک دەکێشرێت، کەوایە هەر ئاسنێک لە ئەنجامی گەرمکردنەوە لێک دەکێشرێت.) ئەو پێشهاتانەی پێکهێنەری قیاسن پێیان دەگوترێت پێشەکی (مقدمە) کە لە دوو بەش پێک دێن: صغرا: ئەو بەشەیە کە دەمانەوێت بڕیاری لەسەر بدەین وەک نموونەی سەرەوە، (ئاسن، کانزایە.)

بەڵگاندن لـە زانسـتی لۆژیکدا و توانیویـەتی بیانبەسـتێتەوە بـە بابـەتی عەشـق و ڕۆڵـی لـە ئافرانـدنی بووندا. صـافی لـەم دێـرەدا ڕووی قسـەی خـۆی دەکاتـە پـەروەردگـار و بـاس لـەوە دەکـات، کـە هـەردوو جیهـان حەسرەت لە بۆ هەر دانەیەک لە ئافراندنەکانی تۆ دەخۆن، ئەویش لەبەر ئەوەیە، کـە محەبـەت بـە هۆکـاری هاتنـەدی گـەردوون دەزانـن و نهێنیـی ئافرانـدنی هـەردوو جیهـان بـۆ عەشـق و محەبـەت دەگەڕێننـەوە. کـەواتـە لـەم دێـرەدا تەجـەللا و هاتنـەدیی ئـەو گـەردوونـەی بـەچاو دەبینرێـت و هەسـتی پێـدەکرێت "صـغرا" یـە، و دەرئـەنجام و هۆکـاری هاتنـەدیی گـەردوون کـە صـافی بـە محەبـەت دەزانێـت، "کبـرا" یـە، شـاعیریش بـە جوانی تێهەڵکێشی شیعرەکەی کردووە.

کەوایە مەولانا و صافیی هیرانی هۆکاریی هاتنەدیی جیهان بۆ عەشـقی خودا بۆ جوانیی خۆی دەگەڕێننەوە، کە بووەتـە هـۆی بـەدیهاتنی بـوون، واتە عەشق بە سەرچاوە و حەقیقەتی بوون دەزانن. مـەولانا عەشـق بـە بنەمای ئافرانـدن دەزانێت و پێیوایە ئەگـەر عەشـق نـەبووبا، ئاسـمان و زەوی نەدەهاتنـەدی. صـافیش عەشـق بـە بناغـەی دروسـتبوونی بـوون دادەنێـت و بـاوەڕی وایـە لەبەرئـەوەی عەشـق لـە تـەواوی بووندا لـە جووڵەدایە، بۆیە لە دەروونی تەواوی بوونەوەراندا جێگیرە.

### ٢-٢ عەشق و بوون

بۆچوونی عاریفان سەبارەت بە بوون و ئافراندن ئەوەیە، کە تـەنها یـەک حەقیقـەت بـوونی هەیـە، ئـەویش خودایـە و جیهـانی بـوون و

---

کبرا: دەرئەنجامی صغرایە و بۆ ڕوونکردنەوە و بڕیاردان لەسەر یاسای گشتیی بابەتەکەیە، کە لە نموونەی سەرەوە (هەر ئاسنێک لە ئەنجامی گەرمکردنەوە، لێکدەکێشرێت.) (علم منطق بلا تاریخ)

بوونەوەرەکانی تر هەموویان جیلوەی ئەو حەقیقەتە بێ هاوتایەن و ئەم گەردوونە دەرئەنجامی تەجەللای پەروەردگارە. لەم ڕووە، "ئافراندنی جیهانی بوون بەو هەموو ڕێکخستن و جوانییەی تێدایە، دەرخەری سیفاتی جەمال و جەلالی خودایە" (کشفی ١٤٠٠، ١٩). خودا لە گەردووندا جیلوەی جۆراوجۆری هەیە و بوونەوەری جیاوازی ئافراندووە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەم بوونەوەرانە حەقیقەت نین، بەڵکو جگە لە زاتی خودا، کە حەقیقەتی ڕەهایە، هەموو فرەییەکانی گەردوون مەجازن و جگە لە وەهم و خەیاڵ شتێکی تر نین (زەند ٢٠١١، ١٨١)، دەتوانین بڵێین حەقیقەتی بوون هەمان لێوڕێژبوونی پەروەردگارە، کە پڕشنگی خستووەتە سەر هەموو بوون و گشت بوونەوەران بەرهەم و ئاکامێکن، بوونیان بۆ ئەو دەگەڕێتەوە و بە شێوەی تەجەللا لە ئەوەوە وەدیهاتوون، هەروەک دڵۆپێک کاتێک لەگەڵ دەریادایە نە دەریایە و نە دڵۆپ لە کاتێکدا هەردووکیانە (کرکە ابادی ١٣٩٢، ٢٠٢). لەم نێوەندەدا عەشق ڕۆڵێکی سەرەکی لە خولقاندن و ئافراندنی گەردوون هەیە، چونکە پەروەردگار بە هۆی ئەو عەشقە ئەزەلی و بێکۆتاییەی لە جوانییە ڕەهاکەی بەدی کرد، بڕیاریدا ئەو جوانییە ئاشکرا بکات تاکو جەمالی خۆی تێدا ببینێت بۆیە گەردوونی وەکو ئاوێنەیەک ئافراند. کەواتە بە پێی بۆچوونی عاریفان عەشق هۆکاری هاتنەدی بوونە. هەر بۆیە هەموو بوون ئەوە، واتە هەرچی هەیە ئەوە و مادەم خودا لە ئەنجامی عەشقی خۆی بۆ جوانییە ڕەهاکەی  گەردوونی ئافراندووە و کردوویەتی بە ئاوێنەی خۆی؛ عەشقیش لە ئەوەوە بۆ تەواوی بوون لە جووڵەدایە و تەواوی بوون تەجەللای عەشقی ئەوە.

لە هزری مەولانا جەلالەدینی ڕۆمی، خودا پێش ئافراندنی گەردوون گەنجێکی شاراوە بووە و مەیلی هەبووە تاکو بناسرێت، هەر

بۆیە جیهانی خولقاند بۆ ئەوەی وەکو ئاوێنەیەکی مەزن، تایبەتمەندی و سیفاتەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە. لە ڕوانگەی مەولانا تەواوی پارچەکان و توخمەکانی ئەو جیهانەی لەبەر چاوی مرۆڤدایە بە خودی مرۆڤەوە، ڕەنگدانەوەی سیفاتی ئافرێنەرن و جیهانی بوون، نوورێکی درەوشاوە و گشتگیرە کە لەلای خوداوە پەرشوبڵاوبووەتەوە. کەواتە بە باوەڕی مەولانا، بوون لە یەک حەقیقەت زیاتر نییە، کە ئەویش پەروەدیگاری یەکتایە و تێفکرین لە دەرکەوتنەکانی ئەو دەتوانرێ ڕێگەخۆشکەر بێت بۆ ناسینی خودی پەروەردگار:

منبسط بودیم و یک جوهر همه　　　بی سر و بی پا بدیم آن سر همه
یک گوهر بودیم همچون افتاب　　　بیگره بودیم و صافی همچو آب
چون به صورت آمد آن نور سره　　　شد عدد چون سایەهای کنگره

(سروش، ج ١٣٧٦، ٣٤)

پێش ئەوەی ئێمەی بوونەوەران پێ بنێینە جیهانی ماددە و فرەییەکاندا، گەوهەرێکی یەکگرتوو و بەرفراوان بووین، واتە وەکو ڕۆژ لە گەوهەرێک دەچووین و وەکو ئاویش سازگار و بێگەرد بووین، بەڵام لەو کاتەی ئەو نوورە بێ خەوشە هاتە دیتن، وەکو دچانەکانی[٤] سەر دیواری قەڵاکان، دیمەن و شێوەی جۆراوجۆری لە خۆ گرت و زۆربوون، کە لێرەدا مەبەست ئەو کاتەیە سێبەری ئەم دچانانە لەبەر خۆر دەکەونە سەر زەوی و ژمارەیان زۆر دەبێت. کەواتە خودا پێش ئافراندنی گەردوون گەنجێکی شاراوە بووە و مەیلی هەبووە تاکو بناسرێت، هەر بۆیە جیهانی خولقاند بۆ ئەوەی وەکو ئاوێنەیەکی مەزن،

[٤]- بە بەرزاییەکانی سەر دیواری شوورا و قەڵاکان لە کۆندا دەگوترێت، کە سەرباز و تیرهاوێژەکان لە نێوانیان خۆیان دەپاراست.

تایبەتمەندی و سیفاتەکانی تێدا ڕەنگبداتەوە. جیهانی بوون نوورێکی درەوشاوە و گشتگیرە، کە لەلای خوداوە پەرشوبڵاوبووەتەوە. کەواتە بە باوەڕی مەولانا بوون لە یەک حەقیقەت زیاتر نییە کە ئەویش پەروەدیگاری یەکتایە.

بە هەمان شێوە لە شیعرێکی تردا دەڵێت:

همچو آن یک نور خورشید سما　　صد بود نسبت به صحن خانەها
لیک یک باشد همه انوار شان　　چون کەبرگیری تو دیوار ازمیان
(سروش ١٣٧٦، ٥٦٢)

هەروەک چۆن کاتێک ڕۆژ لە ئاسمانەوە تیشک دەخاتە سەر ماڵەکان، ئەم تیشکە لە بۆشایی نێوان دیوارەکان پارچە پارچە دەبێت، کەچی سەرچاوەی هەموو ئەم تیشکانە لە کۆتاییدا بۆ یەک ژێدەر و سەنتەر دەگەڕێنەوە، ئەویش خۆرەکەیە، کە بە هەڵگرتنی دیوارەکان ئەمە دێتەدی؛ کەوایە بنەڕەتی هەموو فرەییەکانی جیهانی هەستیش بۆ یەک ژێدەر دەگەڕێنەوە، کە خودایە.

لەم دێرانەدا مەولانا بە شێوازی تایبەتی خۆی هزری "وحدت الوجود"ی بە هێنانی نموونەی خۆر ورووژاندووە، بە جۆرێک کاتێک تیشکی خۆر دەخزێتە سەر ماڵەکان، فرە و جیاواز دەبێت، بەڵام هەر کاتێک دیوارەکان هەڵبگیرێن نوورێکی یەکپارچە و یەکدەست ترووسکە دەدات. کەواتە هەرچەندە بنەڕەت و بناغەی هەموو ئەو تیشکانە هەر یەک شتە و بۆ هەمووان بە یەکسانی هەڵدێت، بەڵام هەر کەسێک و هەر شتێک بە جۆرێک لە جۆرەکان لێی سوودمەند دەبێت. ئەمەش ئاماژەیە بە ژیانی مرۆڤ لە جیهانی مادده، کە بە هۆی گیرۆدەبوونی بە بابەتە کاتی و ڕواڵەتییەکانی ژیان، ڕۆحی پارچەپارچە بووە و لە بنەچە و سەرچاوەی خۆی غافڵ بووە و جەستە و جوانییە کاتییەکان وەکو

حیجابێک بوونەتە دیوار لە هەمبەر ئەو و ژێدەرکەیدا، کە پێویستە بۆ گەڕانـەوە و یـەکبوون لەگـەڵ خالیقـدا ئـەم جەسـتە و بەربەسـتانە هەڵبگیرێت کە ئەمەش بە هێزی عەشق دەکرێت چونکە تـەنها عەشـق و ئاگر و بلێسەی دووریيە کە دەتوانێت گڕ بەربداتە فرەییەکان و وا لە عاشق بکات تەنها بیر لە یار بکاتەوە و بابەتەکانی تر بەلایەوە پووچ و بێبەها بن.

صافیش هـەروەکو مـەولانا بڕوای وایە، جگە لە بوونی خـودا هـیچ بـوونێکیتر حـەقیقی و ڕاسـتەقینە نییـە و ئـەم پـەروەدگارە، بـە توانـا و بەخشـندەیە و جۆرێـک لـە پەیوەنـدی مەعنـەوی لـە نێـوان ئافرێنـەر و ئافرێنراودا هەیە:

شەئنی تووە بۆ جیلوەیی مەعنی هەموو عالەم
لاهوتی و ناسوتییە گەرچی لە حیسابێ (مەلا مصطفی ٢٠٠٤، ٢٣٨)

"مەعنی" کە هەمان مەعنەویتە بە مانایی ڕەسـەنایەتیی جیهـانی مانـا یان شـاراوە دێت، کە دیوی نـاوەوە و شـاراوەیی جیهانی بوونـە و لـە نیشـانە دیارەکانی ئیمـان بـە غـەیب و مەعنەوییـەتیش، ئیمـان هێنانـە بـە خودا و گەڕانەوە بۆ لای پەروەردگار (معاد) (مروجی ١٤٠٠). بۆیـە صـافی لەم دێرەدا ئەمە دەردەخات کە تـەنها لـە شـەئن و توانـای خودادایە، کە ببێت بـە سـەرچاوە و جیلوەگـای مەعنەویـەت، چونکـە مەعنەویـەت بـە مانایی جیهانی لاهـوتی دێت کە ڕۆح و دیوی نـاوەوەی جیهـانی بوون یـان جیهـانی ناسـووتییە (ج. سجادی ١٣٧٠، ٦٨٢)، کەواتـە هـەموو بـوون بـە دیوە ئاشکرا و شاراوەکانی جیلوەی نووری پەروەردگارن و هەموویان تیشـک و پڕشـنگێکن لـە نـووریی خـودا، کـە بـە شـێوەی جۆراوجـۆر دەرکەوتوون.

لـە دێـرە شـیعرێکی تـردا بـڕوای صـافی بـە یـەکێتیی بینین(وحـدة الشهود) و ئەم بابەتە، کە ئەم جیهانە لە زەوی بۆ ئاسمانەوە تەجەللای جەمال و جوانی پەروەردگارە، بەدەر دەکەوێت:

خالّی نییە ئەصلا لە تەجەللایی جەمالت
هەرچی لە(ثری) تا بە(سما) جیلوە نومابێ (صافی ٢٠٠٤، ٢٣٨)

هیچ شوێنێکی ئەم گەردوونە لـە زەوی هـەتا ئاسمان و هـەر شـتێک کـە جیلـوەی هــەبێت و دەرکـەوتبێت، لـە تەجـەللای جـەمال و جـوانیی پەروەدگار خالّی نییە، واتە هەموو بوون بووەتە تەجەللای حەق و ئـەم تەجەللایەش جگە لە جوانیی خودا هیچ شـتێکی تـر نییـە و عەشـق بـەم جوانییە ڕەهایەوە وایکردووە ئەم ئافراندن و تەجەللایە ڕووبدات.

هەروەها هیرانی ئەوەش دەخاتەڕوو هەر شتێک لە گەردووندا جگە لـە تەجـەللییاتی حـەق، پـووچ و خـەیاڵ و وەهمـە و تاکـە بوونێـک، کـە حەقیقی و ڕاستەقینە بێت، بوونی خودایە و داوا دەکات بۆ هـەر ئامـانج و ئارەزووەک، کە مرۆڤ هەیـەتی، تـەنها ڕوو بکاتـە لای خـودا، چونکـە تەنها ئەوە هەرماو و پایەدارە. لەم دێرەدا بابەتی یەکێیتی بوون ڕەنگی داوەتەوە:

غیر تجلیات او هر چه به کون باطل است
(صافی) زبهر هر امل روی نما به حی باق

## ٢-٣ عەشق و جوانی

عەشق و جوانی لـە عیرفانی ئیسلامیدا لـە گرنگترین چەمکـەکانن، کـە ڕەنگدانەوەیـەکی بـەرچاویان لـە بەرهەمـە ئـەدەبی و عیرفانییەکانـدا هەبووە و پەیوەندییەکی قـووڵیش لـە نێوان ئـەم دوو زاراوەیـەدا هەیـە. هۆکـاری بایــەخ و گرنگیــی ئــەم دوو چەمکــە لای عاریفـان بـۆ ئــەوە

دەگەڕێتەوە کە ئەوان بە پشتبەستن بە هەندێک فەرموودە و ئایەت هۆکاری خولقاندنی گەردوون بۆ عەشق و جوانی دەگەڕێننەوە.

بە باوەڕی عاریفان جوانیی پەروەردگار پێش ئافراندنی جیهانی بوون لە پشت پەردەی غەیبدا شاراوە بووە و خودا لە پلەی زات(احدیت)دا بە تەنهایی تەماشاکەری جەمالی بێهاوتای خۆی بووە، بەڵام لەبەر ئەوەی سروشتی جوانی بە جۆرێکە، توانا و بەرگەی شاراوەیی و داپۆشراویی نییە، بۆیە ئیرادەی پەروەردگار دەکەوێتە سەر ئەوەی جوانییە دڵڕفێنەکەی خۆی ئاشکرا بکات، بۆیە گەردوونی ئافراند تاکو جوانی و هەیبەتی خۆی بە دیار بخات، بەو مانایەی خودا لە ئاوێنەدا ڕوانیویەتییە گەردوون تا جەمالی خۆی تێدا ببینێت و هەموو بوونیش هەمان وێنەی ناو ئاوێنەکەیە (بزی، فرزانە و رومیانی ١٤٠٠، ٢٠٥). کەواتە خودا جوانە و جوانیی خۆش دەوێت و بۆ دەرخستنی جوانیی خۆی گەردوونی وەکو ئاوێنەیەک ئافراند، تاکو بتوانێت جەمالی خۆی تێدا ببینێت. ئەم گەردوونە وەکو ئاوێنەیەک، تەجەللای ئەو جوانییە ڕەهایە و جەمالی پەروەردگارە، کە لە ئافرێنراوەکانیدا بەدەرکەوتووە.

لەلایەکی تر پاش ئەوەی جیهان لە ئاکامی عەشقی پەروەردگار بۆ جوانیی خۆی هاتەکایەوە، گەردوون دەبێت بە ئاوێنەیەک بۆ نیشاندانی جەمالی پەروەردگار، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی خودا عاشقی ئاوێنەکەش بێت، گەردوونیش، کە هەردەم ڕووی لە جوانیی خودایە، کەلکەلەی عەشقی پەروەردگار و مەیلی گەیشتن بە جوانیی ڕەهای دەکەوێتەسەر، ئەمە وادەکات لە نێوان عاشق و مەعشووقدا پەیوەندییەک پەیدا بێت، بۆیە هەر جووڵەیەک لە بووندا بە ئامانجی گەیشتنە بە جوانیی مەعشووق (حسێن ٢٠١٨، ١٢١). کەواتە ڕەنگدانەوەی جوانی لە سیمای ئافرێنراوان دەبێتە هۆی ئەوەی عەشق و هۆگری و شەیدایی

بێتەکایەوە، چونکە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان عەشق و جوانیدا هەیە و لە هەر شوێنێک جوانی هەبێت عەشقیش دێتەکایەوە و مادەم خودا جوانیی ڕەهایە، گەردوونیش کە جیلوەی جەمالی پەروەردگارە، جوانە و عاشقی جوانییە، بە تایبەت مرۆڤ کە لە شێوەی پەروەدگار ئافرێنراوە "خلق الله تعالی ادم علی صورته" (البخاری ٢٠٠٢، ١٣٢١)، بەردەوام بەدوای جوانیی و کەمالدا وێڵە و هەوڵدەدات بگات بە جوانیی ڕەها، ئەمەش ناهێتەدی تەنها بە هێزی عەشق نەبێت، کە گەرموگوڕی دەخاتە ناو گەردوون و تەواوی بوون وەجوڵەدێخیت و وادەکات بوونەوەران بە تاسە و مەراقەوە بەرەو مەعشووق هەنگاو بنێن. هەروەک ئیبن عەرەبی دەڵێت: "مرۆڤ عاشقی خودایە، چونکە خودا جوانە و خوداش عاشقی هەبوونە، لەبەر ئەوەی هەبوونیش جوانە و سەرچاوەی جوانیش خودایە، کە لە هەموو بووندا پڕشنگیداوەتەوە" (میرآخوری ١٣٩٩، ٣٦٢).

سەبارەت بە عەشق و جوانی بابەتێکی تر، کە شایانی ئاماژەپێکردنە، پەیوەندیی نێوان عەشق و جوانییە. لە دێر زەمانەوە سەبارەت بە عەشق و جوانی بابەتێک وروژێنراوە، ئەویش ئەوەیە کە جوانیی لەپێش عەشق دەرکەوتووە یا خود سەرەتا عەشق دێتەکایەوە لە دوایدا جوانی پەیدا دەبێت؟ (رحیمی زنگنه و شکری ١٣٩٤، ١)

دەستەی یەکەم، کە زۆربەی عاریفان لەناو ئەم گرووپەدان، بڕوایان وایە جوانی هۆکاریی عەشقە و بەبێ بوونی جوانی عەشق ناهێتەدی و ناسین و مەعریفەی پەروەردگار، کە جوانیی ڕەهایە، تەنها بە سەرنجدان و تێفکرین لە دەرکەوتە جوانەکانی ئەو لە گەردووندا دروست دەبێت. واتە ئەم دەستەیە جوانی بە هۆکاری هاتنەدیی عەشق دادەنێن. "بە باوەڕی ئەم عاریفانە، ئافراندنی جیهان بە هۆی تەجەللای

جەمالی پەروەردگارەوە بووە و فەرموودەی "کنت کنزأ مخفیا فاحبت ان اعرف" دەکەنە بەڵگە بۆ قسەکانیان. بە بڕوای ئەوان خەڵقکردنی جیهان بۆ ناسینی پەروەردگار بووە، چونکە گەنجینەیەکی شاراوەیە، جوانە و جوانی خۆشدەوێت و تەنها جوانی دەئافرێنێت، عاریفیش بە تێفکرین و هەڵوەستەکردن لەو دەرکەوتانە و لە ڕێگەی عەشقەوە درک بە جوانیی ڕەها دەکات" (رحیمی زنگنه و شکری ١٣٩٤، ٢). بۆ نموونە لە شیعرێکی حافزدا کە دەڵێت:

در ازل پرتو حسنت ز تجلی دم زد
عشق پیدا شد و اتش به همه عالم زد (قزوینی و غنی ١٣٢٠، ١٠٣)

سەبارەت بەم پرسە بۆچوونێکی تریش هەیە، کە دەڵێت؛ ڕوانین لە گۆشەنیگای عەشقەوە دەبێتە هۆکاری هاتنەدیی جوانی، بەپێی ئەم بۆچوونە جوانیی بابەتێکی ڕێژەییە و پەیڕەوی هیچ یاسایەکی دیاریکراو ناکات، ئەوە عەشقە وادەکات جوانی دروستببێت، واتە عاشق بە هۆی ئەو عەشقەی بۆ یار هەیەتی، هەموو شتێکی مەعشووق بە جوانییەکەش لە پلەی کەمالدا دەبینێت (رحیمی زنگنه و شکری ١٣٩٤، ١).

مەولانای ڕۆمیش وەکو هەر عاریفێک، کە بڕوای بە یەکێتیی بوون هەیە، باوەڕی وایە کە ئافراندنی ئەم گەردوونە بە هۆی تەجەللای جوانیی حەق بووە، واتە "بوون" بە هۆی عەشقی خودا بۆ جوانیی خۆی هاتووەتەدی بۆ ئەوەی خودا جوانیی خۆی بەدیار بخات. هەروەها هۆکاری ئەوەی مرۆڤ حەز لە جوانیی دەکات و بەرەو کەماڵ هەنگاو دەنێت، ئەوەیە کە لە جەمالی مەعشووقی حەقیقی دوورکەوتووەتەوە، بۆیە تەواوی ئافرێنراوان لەبەر چاوی مرۆڤدا جوانن، چونکە جیلوەیەکن لە جوانییەکی بێ هاوتا و جوانیی ئەوان بە بەشێک لە جوانییەکی ڕەها دەزانن:

که منم آن اصل اصل هوش و مست
بر صور آن حسن عکس ما بدست (سروش ١٣٧٦، ٨٥٩)

حەقیقەت و ئەسڵی تەواوی هۆشیاری و مەستییەکان بۆ من دەگەڕێتەوە و ئەو ڕوخسار و سیما و دەرکەوتە جوانانەی لەبەر چاون، هەموویان تەجەللای جوانیی پەروەردگارن کە لەم جیهانەدا ڕەنگیانداوەتەوە. دەبینین لەم دێرەدا مەولانا بابەتی تەجەللای خستووەتەڕوو و باس لەوە دەکات، کە بنەڕەتی هەموو جوانییەکان لەم جیهانە ماددییە بۆ جوانیی ڕەها دەگەڕێتەوە و ئەم جیهانە وێنەیەکە لەو جوانییە حەقیقییە.

مەولانا ئەو خاڵەش دەورووژێنێت، کاتێک دەبینین کەسێک بە گڕوتینەوە عاشق و شەیدای جوانێک دەبێت، هۆکارەکە ئەوەیە ئەم جوانە دڵۆپێکی لە جەمال و جوانیی پەروەردگاری نۆشیوە. واتە کەمێک لەو جوانییە ئیلاهییەی بەرکەوتووە، بۆیە عاشق هۆگری جوانییەکەی بووە:

هر کسی پیش کلوخی جامه چاک
کان کلوخ از حسن آمد جرعه ناک (سروش ١٣٧٦، ٧٢٦)

مەولانا لە زۆر شوێن لە بەرهەمەکانیدا لە عەشقی خودا بۆ جەمال و جوانییە ناکۆتاکەی دەدوێت و باوەڕی وایە خودا خودی جوانییە و هاتنەدیی جیهانی بوون شتێک نییە جگە لە دەرکەوتنی جوانیی و کەمالی زاتی حەق. شایانی ئاماژەپێکردنە لە زۆربەی ئەو شیعرانەی سەرنجمان خستەرسەر تێبینی ئەوەمان کرد مەولانا هەموو ڕواڵەتەکانی گەردوون بە دەرکەوتە و جیلوەی جوانیی ڕەها دەزانێت و پێی وایە لە ڕێی جوانییە زەمینییەکان و تێفکرین تیایاندا دەکرێت مرۆڤ بگات بە مەعشووقی ئەزەلی، کە خودای گەورەیە:

جرعه حسن است اندر خاك گش
كه به صد دل روز و شب ميبوسيش (سروش ١٣٧٦، ٧٢٦)

ئاسەواری ئەو جوانییە ئەزەلییەیە، کە تیشکی خستووەتە سەر ئەم خاکە و بەم جۆرە جوانیکردووە کە تۆ بەو پەڕی شەیدایی و عاشقییەوە بەردەوام ماچی دەکەی و مادەم ئەو خاکە، کە ئاوێتە بووە بە جەمالی یار(خودا) تەنها سێبەرێک بێت لە جەمالی حەقیقی و بەم شێوەیە مرۆڤی عاشق و مەجنوون بکات، ئەی ئەگەر بگەین بە دیداری خودی حەق و تەماشەکەری ئەو بین، دەبێت چ ڕووبدات؟

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ دێرەکانی پێشوو ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە لە پەیوەندیی نێوان عەشق و جوانیدا مەولاناش بڕوای بە ئەولەویەتی جوانی هەیە، بە جۆرێک ئەویش جوانی لە پێش عەشق دادەنێت، واتە باوەڕی وایە سەرەتا جوانی دەردەکەوێت لە پاشان عەشق دێتەکایەوە. بەڵام ئەوەی مەولانا لە هەندێک شاعیری تر، کە بیر و هزری عیرفانییان هەیە، جیا دەکاتەوە ئەوەیە، بەشێکی شیعرەکانی ئەم شاعیرە دەرخەری ئەوەن، کە عەشق هۆکاری پەیدابوون و بەدیهاتنی جوانییە، واتە هەر دوو جۆری پەیوەندیی نێوان عەشق و جوانی لە هۆنراوەکانی مەولەویدا بەدیدەکرێن. مەولانا لەو شیعرانەی، کە پێی وایە عەشق هۆکاری هاتنەدیی جوانییە، بڕوای وایە هەر کەسێک هەموو جوانییێک نابینێت و درک بە جوانی هەموو کەسێک ناکات، بەڵکو زۆرجار عەشق دەبێتە هۆکاری ئەوەی کەسێک لە بەرچاومان جوان بێت و ئەمەش وا دەکات ببین بە هۆگر و شەیدای ئەو کەسە:

گفت ليلى را خليفه كان توئى
كز تو مجنون شد پريشان و غوى

از دگر خوبان تو افزون نیستی

گفت خاموش چون تو مجنون نیستی (سروش ج١ ١٣٧٦، ٢٢)

خەلیفە کاتێک لەیلای بینی پێی وت، تۆی لەیلا! کە بەم شێوەیە مەجنوون شێت و شەیدایی تۆ بووە؟ لە وەڵامدا لەیلا پێی دەڵێت؛ دەبێت بە چاوی مەجنوونەوە، کە بێئاگایە لە خود و لە مەستیی عەشقدا هۆشیاری نەماوە، تەماشای من بکەیت بۆ ئەوەی من جوان ببینیت، جیاوازیی تۆ و مەجنوون لەوەدایە؛ تۆ هۆشیاریت و ئەو مەستی ڕێگای عەشقە. واتە ئەگەر کەسێک بیەوێت ببێت بە عاشقی لەیلا، دەبێت مەجنوون بێت، واتە عاشق بێت هەتا درک بە جوانیی لەیلا بکات. کەواتە "لەبەر ئەوەی مەجنوون لە ڕۆچنەی عەشقەوە سەیری لەیلای کردووە بۆیە بەلایەوە لە هەموو کەسێک جوانتر بووە" (رحیمی زنگنه و شکری ١٣٩٤، ٤).

بابەتی عەشق و جوانیی بەشێکی زۆری دیوانی صافیی هیرانیشی لەخۆگرتووە، هۆکارەکەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێدا، عەشق بەبێ جوانی ڕوونادات و لە هەر شوێنێک جوانی هاتەکایەوە عەشقیش لەدایکدەبێت. دیوانی صافیش پڕاوپڕە لەو پەیڤانەی پەیوەستن بە عەشقەوە، بۆیە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ بابەتی عەشق و جوانی دەورووژێنرێت. هەروەها لەبەر ئەوەی صافی بڕوای بە یەکێتیی بوون هەیە ئەمە وایکردووە ڕوانگەی ئەو بۆ عەشق و جوانییش دیدگایەکی عاریفانە بێت.

هیرانی باوەڕی وایە هەموو ئەو جوانییانەی لە جیهانی فرەیی و کەسرەتدا دێنەبەرچاو، تەجەللا و ڕەنگدانەوەی ڕوخساری مەعشووقی ئەزەلیین و هەموو جوانەکان، جەمالی خۆیان لە سیمای حەق تەعالا، کە جوانیی ڕەهایە، وەرگرتووە و ئەم تەجەللایە دەبێتە هۆی ئەوەی ئاگری عەشق و شەیدایی لە دڵی عاشقانی جەمالی حەقیقی گڕبسێنێت و

خانەی سەبر و خۆڕاگریی دڵی هۆگرانی گەیشتن بە دەرگای حەق بە هۆی ئەو دوورییە وێران ببێت:

رونق رخسار او در روی خوبان داده تاب

خانه صبر دل عشاق زین گشته خراب (صافی ٢٠٠٤، ٣٥٧)

تەنانەت صافی ئەوە دەوورووژێنێت، کە ئەگەر تەنها پریشکێک لە جەمال و جوانیی یار بەر شاخێک بکەوێت، لەبەر جوانیی جیلوەی ڕوخساری یار عەشقێک دێتەدی، کە لە ئاگری ئەم عەشقە چیا بە جۆرێک کلپە دەسێنێت، کە تۆمەز پووشە گڕی تێکەوتووە نەک چیا، بۆیە تەفروتونا دەبێت و هیچی لێی نامێنێت:

پاره عکس جمال تو گر افتاده به کوه

کوه میسوزد از آن جلوه نه کوهی کاهیست (صافی ٢٠٠٤، ٣٦٨)

صافیی هیرانی لە دێرە شیعرێکی تردا دەڵێت:

سحر از دود آه جلوەگاهش سراسر عالم کاشانه آتش(صافی ٢٠٠٤، ٤٢٧)

لە سەحەر کە دەستپێکی ڕۆژە لە دووکەڵی ئاهی جیلوەگای زاتی خودا، تەواوی جیهانی بوون بووە بە ئاگر.

سەحەر واتە دەستپێک و سەرەتا، کە مەبەستی شاعیر لێی ئەزەل، واتە دەستپێکی بوونە. هەروەها شاعیر بە هۆی وشەی ئاگر(آتش)، کە لە نیوە دێری دووەمدا هاتووە، وشەی دووکەڵی(دود) لەبەر ئەوە بەکارهێناوە تاکو ئەمە دەربخات؛ کاتێک جوانیی ئەزەلی دەرکەوت، هەموو بوونی تەنیوە و هەموو بوون بووە بە جوانی. واتە پەروەردگار، کە جوانیی ڕەهایە کاتێک لە جیهاندا دەردەکەوێت، ئەوا جوانییەکەشی لە هەموو گەردووندا بڵاودەبێتەوە و دەرکەتنەکانیشی جوان دەبن، بۆیە عەشقیش، کە هەر بە هۆی ئەم جوانییە ڕەهایەوە هاتووەتەکایەوە،

جیهانی بوونی لەخۆدەگرێت، هەموو توخمەکانی بوون لەلایەک دەبن بە عاشقی یەکتر و لەلایەکی تر دەبن بە عاشقی جوانیی ڕەها و ئاگری ئەم عەشقە گڕ لە هەموو گەردوون بەردەدات و ئەم جیهانە سەرانسەر دەبێت بە عەشق.

ئەگەر سەرنجێک لە چەند دێری پێشوو بدەین، بۆمان ڕوون دەبێتەوە صافی باوەڕی بەمەیە، سەرەتا جوانی دەبێتە هۆی هاتنەدیی عەشق و ئەوە وێنەی مەعشووقە، کە بەدەرکەوتنی وادەکات عەشق پەیدا ببێت و هەموو گەردوون یەکپارچە ببێت بە عەشق.

دەتوانین بڵێین مەولانای ڕۆمی و صافیی هیرانی بڕوایان بە پەیوەندییەکی نەپچڕاو لەنێوان عەشق و جوانیدا هەیە و پێیانوایە عەشق و جوانی تەواوکەری یەکترن. هەروەها بە بۆچوونی هەردوو شاعیر ئەفراندنی گەردوون بەهۆی عەشقی خودا بۆ جوانی خۆی بووە، کاتێک ویستوویەتی جوانیی ڕەهای خۆی ئاشکرا بکات، گەردوونی ئافراند تاکو وەکو ئاوێنەیەک جوانی خۆی تێدا ببینێت. ئەوەی مەولانا لە صافی جیادەکاتەوە، پەیوەندیی نێوان عەشق و جوانییە، واتە مەولانا لە پەیوندیی نێوان عەشق و جوانیدا، هەم جوانی بە هۆکاری عەشق دەزانێت و هەندێجاریش بڕوای وایە عەشق وادەکات جوانی دروست بێت، بەڵام صافی تەنها جوانی بە هۆکاری پەیدابوونی عەشق دەزانێت.

**٢-٤ عەشق و خەم**

بەپێی ئایاتی قورئان و فەرموودەکان، مرۆڤ سەرەتا لە بەهەشتی بەرین لەلای پەروەردگار نیشتەجێ بووە و لە پەنای زاتی خودا بە خۆشی و دڵێکی شادەوە ژیاوە. بەڵام ئیرەیی شەیتان بە پێگەی مرۆڤ و هەڵخەڵەتاندنی وایکرد مرۆڤ لە بەرانبەر خودا نافەرمانی بکات و تووشی یەکەمین گوناه ببێت، بەمەش لە بەهەشت و لە مەنزڵگەی خۆی

دووربکەوێت و نیشتەجێی شوێنێکی غەریب بێت. عاریفانیش هەر بەپێی ئەم ئایەتانە بۆچوونەکانیان دادەڕێژن و باوەڕیان بەمەیە، کە لە ئەزەل و لە پەیمانی ئەلەستدا خودای گەورە کاتێک دەرکەوت، ڕۆحەکان توانیان سەرنجێک لە ڕوخساری پەروەردگار بدەن و بە یەکەم ڕوانین بین بە عاشقی خودا و دوای ئافراندنی گەردوون و دوورکەوتنەوەیان لە مەعشووق، هەڵوەدای گەڕانەوە و خەمی دووری لە دەروونی مرۆڤدا بڵێسەی سەندووە (حیدری و رمضانی پارسا ١٣٩٧، ٥٦).

کەواتە بە بڕوای عاریفان تەواوی ناڵە و هاواری مرۆڤ لەم جیهانە خاکییەدا ناڵەی دڵتەنگی و دوورییە لە مەعشووق و هەموو هەوڵ و تێکۆشانی ڕێبواریش بەدەستهێنانی کەمالیی عەشقە و هەر بە هۆی ئەم عەشقەیە کە ڕێبوار تووشی بێئۆقرەیی و نائارامی دەبێت و دووری لە مەعشووق وادەکات خەم و دەردێکی قووڵ لە دەروونی ئەودا بێتەکایەوە. لەلایەکی تر گەیشتن بە کەمالی عەشق، پێویستی بە بەرگەگرتنی سەختییەکان و ڕەنج و مەینەتییەکی زۆر هەیە و هەرکەسێک توانا و شایستەی ئەم پێگەیەی نییە. هەر بۆیە عاشقی دڵسووتاو بۆ دەربازبوون لەم زیندانە و بۆ ئەوەی خۆی لەم خەمە ڕزگار بکات و بگەڕێتەوە بۆ لای مەحبووب، بەرگەی هەموو ئازارەکان دەگرێت و هەموو هەوڵێکیش دەدات بۆ بڕینی حاڵ و مەقامەکان (ابویسانی و مجیدی ١٣٩٣، ١٦٢).

هەروەها عاریفان بۆچوونیان وایە ئەگەر ئەو ڕەنج و خەمانەی مرۆڤ پێیانەوە دەناڵێنێت بۆ بابەتە ماددی و کاتییەکانی ڕۆژانە نەبێت و بۆ جودایی لە مەعشووقی حەقیقی و مەنزلگەی حەقیقی بێت، ئەگەر هەروەک ژەهر تاڵیش بێت، بەڵام لەلای عاشق لە گیان شیرینترە. چونکە دەبێتە هۆی خۆشەویستی و بەزەیی پەروەردگار، بۆیە عاشق ئەم دەرد

و ڕەنجەی لە هەتوانکردنی خەمەکانی پێ باشترە (جواهریان و اذر پیوند ۱۳۹۷، ۹).

ئەم هەستی غەریبی و دڵتەنگییە یەکێک لە گرنگترین بابەتەکانە لە عیرفانی عاشقانەدا، کە لە شیعری شاعیرانی سەر بەم ڕێچکەیەدا بەرجەستە و دیارە و بووەتە هۆی ئەوەی بەرهەمی ناوازە لەم بوارەدا بئافرێنرێت. ئەم بابەتە لە هۆنراوەکانی مەولانای ڕۆمیشدا ئاشکرایە. مەولانا لە بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانیدا، چ لە مەسنەوی و چ لە دیوانی شەمسدا، حیکایەتی غەریبیی مرۆڤ و خەمی هیجران و جوودایی ئەوی نیشانداوە. دەتوانین بڵێین هەر لە دەستپێکی دەفتەری یەکەمی مەسنەوی و لە یەکەم دێریدا، چیرۆکی غەریبی ڕۆحی مرۆڤ و گازندەکانیی لە جیهانی خاکی دەگێڕدرێتەوە (عناقه و کلاهدوز ۱۳۸۹، ۱۷۵):

بشنو از نی چون حکایت میکند
از جدایی ها شکایت میکند
کز نیستان تا مرا ببریده اند
در نفیرم مرد و زن نالیده اند
سینه خواهم شرحەشرحه از فراق
تا بگویم شرح درد اشتیاق
هرکسی کو دورماند ازاصل خویش
باز جوید روزگار وصل خویش(سروش ج۱ ۱۳۷٦، ٥)

گوێبگرە لە نەی کە چۆن باس لە جودایی دەکات و لە هیجران و جیابوونەوە گلەیی و گازندە دەکات. شاعیر دەڵێت، هەر لەو ڕۆژەی منیان لە ئەسڵ و زێدی سەرەکیی خۆم "نیستان" جیاکردەوە، پیاو و ژن لەبەر ناڵە و کڕووزانەوەی من، دەستیان کرد بە ناڵە و شیوەن و

لەگەڵ من لە خەم و ژانی جودایی دەیانناڵاند. لێرە مەبەستی شاعیر ڕۆحی مرۆڤە؛ لەبەر ئەوەی لەو پێگە و پایەی، کە هەیبوو، بۆ جیهانی ماددە دابەزێنرا، بۆیە زۆر بەمە خەمبار دەبێت و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ بنەڕەت و ئەسڵی خۆی. هەروەها هەر کەسێک لە سەرچاوە و بنەڕەتی خۆی دوورکەوتبێتەوە، لە ئەنجامدا دەکەوێتە جموجۆڵ و هەوڵ دەدات بگات بە مەنزڵگەی سەرەکیی خۆی(دیدارجان).

ئەم هزر و دیدگایە لە بەشێکی زۆر لە هۆنراوەکانی مەولەویدا بەرجەستەیە و شاعیر حیکایەتەکانی ناو مەسنەوی بە شێوازێک پەیوەست دەکات بە چیرۆکی دڵتەنگی ئینسان و دوورکەوتنەوەی لە مەنزڵگەی سەرەکیی خۆی. بەڵام ڕۆمی ئەمە بە تاکە هۆکاری بەدیهاتنی خەم نازانێت، بەڵکو پێیوایە چەندین هۆکاریتر هەن، کە دەتوانن ببن بە سەرچاوەی دڵتەنگی و ئازار لە دەروونی مرۆڤدا وەکو لووت بەرزی، خۆپەسندی و ئارەزووە یەک لەدوای یەکەکانی ئینسان. بۆ نموونە لە شیعرێکدا بەم شێوەیە لووتبەرزی بە سەرچاوەی خەم دەزانێت:

این همه غمها که اندر سینه هاست

از بخار و گرد بود و باد ماست(سروش ج١ ١٣٧٦، ١٠٥)

ئەم هەموو خەم و ئازارانەی لە دەروونی ئێمەدا پەنگیخواردووە دەرئەنجامی ئەو تۆز و خۆڵەیە کە لە ڕەشەبای بەدەستهێنانی رسق و بژێویی، هەروەها لووتبەرزی ئێمەوە بەرزبووەتەوە. چونکە مرۆڤی لەخۆبایی هەموو شتێکی بۆ خۆی دەوێت و ئەگەر هەر شتێک لە بۆ ئەو دەستەبەر نەبێت، ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی تووشی خەم و نیگەرانی ببێت. لێرەدا پێویستە ئاماژە بەمە بدرێت، ڕاستە ئەمانە هۆکاری هاتنەدی خەم و خەفەتن، بەڵام ئەگەر هەڵوەستەی زیاتری لەسەر بکەین لەمە تێدەگەین کە لە بنەڕەتدا هۆی هاتنەدی خەم و

دڵتەگی هەر بۆ هۆکارە سەرەکییەکە واتە دوورکەوتن لە مەعشووق دەگەڕێتەوە، لەبەر ئەوەی هەر یەک لەم سیفەتە نەگونجاوانە لە مرۆڤدا دەبن بە حیجابێک لە هەمبەر گەیشتن بە مەعشووق(پەروەردگار) و هەر ئەمەش دەبێتە هۆکاری خەم و ئازاری مرۆڤ.

مەولانا مەرگ بە تاکە ڕێگە دەزانێت بۆ چارەسەری ئەو خەم و ژانەی دەروونی ئەویان تەنیوە، واتە بە بڕوای شاعیر لەبەرئەوەی دوای مردن ڕۆح لە زیندانی جەستە ڕزگار دەبێت و دەگاتە بارەگای حەق، بۆیە جگە لە مەرگ هیچ شتێک بە چارەسەر نازانێت بۆ کۆتایی هێنان بەم دڵتەنگی و خەم و ئازارە:

دردی است غیر مردن آنرا دوا نباشد

پس من چگونه گویم کین درد را دواکن(فروزانفر ١٣٧٦، ٧٦٤)

ئەوەی مەولانا لە شاعیرانی تر جیا دەکاتەوە ئەوەیە کە هەرچەندە بەشێکی زۆری هۆنراوەکانی سەبارەت بە ئێش و ئازارەکانی مرۆڤە بە هۆی دووربوونی لە پەروەردگار، بەڵام بە شاعیرێکی دڵشاد و پڕ لە ئۆمێد ناسراوە. بە تایبەت لە دیوانی شەمسدا کە هەر کاتێک لە ویساڵی شەمسدا بووبێت کەلامی پڕ بووە لە شادی و هەر کاتێکیش ژیانی بەبێ ئەو بەسەر بردبێت خەمێکی ئاوێتە بە شادی لە هۆنراوەکانی ڕەنگیداوەتەوە. عەبدولحوسێن زەڕینکۆب دەربارەی مەولانا دەڵێت: "دیمەنی شادی لە دیوانی شەمسدا بە جۆرێکە کە کەمتر لە غەزەلی شاعیرانی تر بەدی دەکرێت، حاڵەتێکی پڕ لە گڕوتین و لێوانلێو لە شەوق و جووڵە کە وەکو تایبەتمەندییەک لە زۆرینەی غەزەلەکانی مەولانادا بەرجەستەیە" (زرینکوب ١٣٦٣، ٢٩٨):

مردە بودم زندە شدم گریە بدم خندە شدم

دولت عشق آمد و من دولت پاینده شدم(فروزانفر ١٣٧٦، ٥٣٩)

من دڵ مردوو بووم و دڵم زیندوو بووەوە، هەمیشە خەمبار بووم و بە هاتنی عەشق شادبوومەوە و پایەدار بووم.

گل ازنسرین همی پرسدکه چون بودی دراین غربت؟

همی گوید خوشم، زیرا خوشیها از آن دیار امد (فروزانفر، ١٣٧٦، ٢٤٣)

گوڵ لە نەسرینی پرسی کە لە ئاوارەیی و غەریبیدا ژیانت چۆن بووە و چۆنت بەسەربردووە. نەسرینیش لە وەڵامدا پێی دەڵێت، من دڵێکی خۆشم هەیە لەبەر ئەوەی خۆشییەکانی ئێرەش هی جیهانی باڵان، بۆیە پێیانەوە دڵخۆشم.

بە پێچەوانەی مەولانا، بەشێکی زۆری قسەکانی صافی لە دیوانەکەیدا لە بازنەی جوودایی و ئەو خەم و ئازارانەدا دەسووڕێنەوە، کە بە هۆی دووری لە مەعشووق پێیانەوە دەناڵێنێت. زۆربەی شیعرەکانی دەرخەری گریە و خەم و ئازاری سەرچاوەگرتوو لە دووری و جوداییین، یا خود گوزارشتن لە مەیل و حەسرەت بۆ گەیشتن بە مەعشووق. لە شیعرەکانیدا خەم و تاسە بە جۆرێک دڵ و دەروونی صافییان تەنیوە و سینەی لە داخی دووریی بە جۆرێک سووتاوە کە دەڵێی دەرد و ئازار لەگەڵ صافی لەدایکبوونە و بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە وجودی ئەو کە نە شەوی بۆ ماوەتەوە نە ڕۆژ، چونکە بەردەوام کاری شیوەن و داد و هاوارە:

لەدەردی دڵ لەجەرگی کول لەداغی سینەکەی سووتاو

بە ڕۆژم داد و رۆڕۆیە لە شەودا شیوەن و شینم(صافی ٢٠٠٤، ١٨٠)

سەرەڕای ئەوەی خەم و ئازار بوونەتە بەشێکی دانەبڕاو لە وجودی شاعیر، صافی باوەڕی وایە ئەو ئازارەی لە ئەنجامی خەمی دووریی یار تووشی هاتووە بە پزیشک و لوقمانی حەکیم چارسەر

ناکرێـت، چونکـە برینـی ئـەم ئـازارە هــەر لــە ئـەزەل و لــە ئـەنجامی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لـە مەعشـووق هاتووەتەکایـەوە، بۆیـە تـەنها بـە گەڕانـەوە و توانـەوە لـە زاتـی مەعشـووقی ئەزەلیدا، ئـەم زامـە دەرمـان دەکرێت:

دەردی دووری بەو تەبیبانە عیلاجی ناکرێ

(زام تقدیر ازل با داروی لوقمان چ کار) (صافی ٢٠٠٤، ١٦١)

هــەروەک باسـمان کـرد عاریفـان بـەو ئـێش و دەردەی لـە ئـەنجامی دووری لـە پـەروەردگار دەروونیـان ئـازار دەدات، خـەمبار نـابن و بـە پێچەوانەوە، چونکە ئـەم ئـازارە لەلایـەن مەعشـووقی حەقیقییـەوە بۆیـان هاتووە و دەبێتە هۆی نەمانی خۆپەسـەندی و لووتبـەرزی بۆ ڕێبـوار و دەرئەنجامەکەش گەیشتن و توانەوەیە لـە زاتـی خـودا، بۆیـە بـە تاسـەوە بەرەو ڕووی دەچن. ئەم بۆچوونە لە شیعری صافیش ڕەنگی داوەتەوە:

گشته اسیر بند او جان و دل از کمند او

عاشق دردمند او خوش بودش همین عذاب (صافی ٢٠٠٤، ٣٥٤)

دڵ و گیـانی عاشـق بووەتـە دیـل و گرفتـاری زولفـی یـار و ڕێگـای دەرچـوونی بـۆ نییــە، بــەڵام ئــەم عاشــقە دامــاوە هــەموو ئــازار و ئەشکەنجەیەک کە لەلایەن مەعشووقەوە بێت پێیخۆشە. یان:

گرچه نفسم دود دل سوخته باشد

چون نارغم تست مرا دردو جهان بس (صافی ٢٠٠٤، ٤٢٤)

ئەگەر چی بە هۆی ئاگری خەمی دووریم لە مەعشووق هەناسەم بۆنی دڵێکی سـووتاوی لێـی دێـت، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەم ئاگرە لـە خـەم و کەسـەری عەشـقی تۆیـە بۆیـە مـن لـە هـەردوو جیهـان هـیچ شـتێکی تـرم جگە لەم ئازارە ناوێت.

صافی هەروەک مەولانا باوەڕی بەوەیە، بۆ ڕزگاربوون لە خەم و ئێش و ئازاری عاشق کە دووری و جودابییە لە مەعشووق چارەسەر تەنها مردنە، واتە ڕۆح بە مردن لەناو جەستە ئازاد دەبێت و بۆ لای مەعشووقی حەقیقی دەگەڕێتەوە. بۆیە لە عیرفاندا "هەناسەی ڕێبوار حیجابی نێوان ئەو و حەق تەعالایە و مردنیش بە مانای هەڵگرتنی ئەم حیجابەیە" (ج. سجادی ١٣٧٠، ٧١٤):

غم درد صافی ای دوست چە دوا نمی پذیرد

مگر از رە خدا را تو بکشتنش رهایی (صافی ٢٠٠٤، ٤٨٠)

ئەی یار، هیچ دەرمانێک ناتوانێت چارەسەری خەم و ئازارەکانی صافی بکات کە دوورکەوتنەوە و دابڕینە لە مەعشووق، بۆیە تەنها خودا دەتوانێت ئەم پرسە چارەسەر بکات و ئەم کول و کەسەرە هێور بکاتەوە، ئەویش بە کوشتنی صافی دێتەدی، چونکە تەنها بەم ڕێگەیە ڕۆح لەناو زیندانی جەستە ڕزگاریدەبێت و بە گەیشتن بە مەعشووق (خودا) کۆتایی بە ئازارەکانی دێت.

سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان عەشق بە خەمەوە، دەتوانین بڵێین مەولانای ڕۆمی و صافیی هیرانی تەواویی خەم وناڵەی مرۆڤ لەم جیهانەدا بۆ دووری و جیابوونەوە لە مەعشووقی ئەزەلی دەگەڕێننەوە واتە بە باوەڕی ئەوان دووری لە مەعشووق وایکردووە خەم و دەردێکی قووڵ لە دەروونی مرۆڤدا بێتەکایەوە. هەروەها هەردوو شاعیر مردن بە تاکە ڕێگا بۆ کۆتاییهاتن بەم خەم و ڕەنجە دەزانن. لەلایەکی تر هەرچەندە لای هەردوو شاعیر خەم هاوڕێی بەردەوامی عەشقەکەیانە، بەڵام دیمەنی شادی و ئومێد لای مەولانا بەرجەستەترە، ئەمەش تایبەتمەندییەکی دیاری شیعرەکانی مەولانایە، کە لە شاعیرانی تر و لەناویاندا صافیش جیای دەکاتەوە، چونکە عیرفانی صافی ڕەنگی

خەم و ئازار و ڕەنجی زیاتری پێوە دیارە. خاڵێکی تری جیاواز لای ئەم دوو شاعیرە ئەوەیە کە مەولانا وردتر پڕژاوەتە ئەم بابەتە.

**٢-٥ عەشق و دڵ**

دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی دڵ بە دوو واتا دەردەکەوێت. لە واتا باوەکەیدا، دڵ پارچە گۆشتێکە لەناو جەستە، کە لە سینگی مرۆڤدا جێگیرە و هۆکاری سەرەکی سووڕانەوەی خوێنە. واتایەکی تری دڵ، کە لە عیرفاندا باسی لێوەدەکرێت ئەوەیە دڵی مرۆڤ شوێنی مەعریفە و باوەڕ و ئیمانە (شجاری و گوزلی ١٣٩٢، ١٤٠). لە عیرفاندا دڵ پێگەیەکی دیار و بەرجەستەی هەیە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئایەت و فەرموودانەی لەبارەیەوە هاتوون. بە باوەڕی عاریفان دڵ مەڵبەندی تەجەللای عەشق و جیلوەی یارە، چونکە "دڵ توانای درککردنی زاتی هەموو شتەکانی هەیە، ئەگەر بە نووری باوەڕ و مەعریفە ڕووناک بێتەوە، دەبێتە ئاوێنەی دەرکەوتنی هەموو مەعاریفە خوداییەکان" (زەند ٢٠١١، ٥٨)، واتە بە پاکڕاگرتن و جەلادانی، هۆکارێکی گرنگ دەبێت بۆ ناسین و دەرکەوتنی مەعشووق تیایدا، "چونکە پەروەردگار هەمیشە ڕوو لە دڵێکی پاک و بێگرێ و گوڵ دەکات تاکو بتوانێت هەموو شتێک تیایدا ببینێت" (کشفی ١٤٠٠، ٢٥٨).

لەلایەکی تر هەروەک پێشتریش باسکرا مرۆڤ لەگەڵ عەشق لەدایکبووە، واتە هەر لە ئەزەلەوە و بە بینینی جوانیی ڕەها، سروشت و زاتی ئینسان ئاوێتە بووە بە عەشقەوە. عەشقیش هەمیشە بە شوێن دڵێکی پاکدا گەڕاوە تاکو تیایدا تەجەللا بکات. چونکە دڵ سەنتەری دەرکەوتنی عەشقە. بۆیە دەتوانین بڵێین "لە عیرفاندا عەشق ڕۆڵێکی ناوەندیی دەگێڕێت و دڵ دەبێتە مەڵبەندی سەرهەڵدانی عەشق، بە واتایەک چەقی تیۆری مەعریفەناسیی عیرفانی، واتە دڵ و عەشق بە

یەکەوە دەبنە زەمینەسازی مەعریفەی عیرفانی" (زەند ۲۰۱۱، ۱۵۰). کەواتە لەبەر ئەوەی ئامانجی عیرفان ناسین و گەیشتنە بە حەق، عەشق هۆکارێکە دەمانگەیەنێت بە مەبەست، چونکە هەنگاوەکانی ڕێبوار بە ئاراستەی مەعریفە و گەیشتن بە حەق تۆکمە تر دەکات، ئەمەش تەنها لە دڵدا و بەلابردنی خڵت و خەوشەکانی بەرهەم دێت. ویلیام چیتیک لە کتێبی **عەشقی ئیلاهی**دا سەبارەت بە پێگەی دڵ و پەیوەندیی لەگەڵ عەشقەوە ئەوە دەخاتەڕوو، کە ئامانج لە ئافراندنی دڵ، عەشق و خۆشەویستی بووە بۆ خودا. واتە ئەگەر عەشق بۆ خودا نەبوایە، شتێک بە ناوی دڵیش نەدەبوو، چونکە لە ڕوانگەی عیرفان؛ خودا بۆ ئەوە گەردوونی ئافراندووە تاکو بناسرێت و بە ناسینی لەلایەن بوونەورانەوە عەشقێکی دوولایەنە بێتەکایەوە و لە وەڵامی میهرەبانی پەروەردگاردا، ئێمەش دەبێت ببین بە عاشقی خودا و مەڵبەندی ئەم عاشقی و مەعشووقییەش تەنها دڵە. هەر بۆیە بە باوەڕی عاریفان دڵ بۆ خۆشەویستی حەق هاتووتە کایەوە (و. چیتیک ۱۳۹۹، ۲۲۷).

گرنگترین ڕێگە بۆ گەیشتن بە خودا، ناسین و مەعریفەی حەقە و ئەم مەعریفەیەش تەنها لە دڵی ئینساندا دەهێتەدی، ئەویش بە وەجۆشوخرۆشکەوتنی عەشق لە دڵدا. لەلای مەولانای ڕۆمی دڵ گرنگییەکی تایبەت بە خۆی هەیە، بە باوەڕی ئەویش تاکە شوێن کە بتوانێت ئەم ئەرکە(ناسین و مەعریفەی حەق) بە ئەنجامبگەیەنێت، دڵە. مەولانا ئەم دڵە بچووکە کە لە بەرانبەر ئاسمان و دەریاکان وەکو دڵۆپێک وایە، شوێنی گەوهەرێکی مەزن بە ناوی عەشق و مەعریفە دەزانێت کە خودا پێی بەخشیوە:

قطره دل را یکی گوهر فتاد    کان به دریاها و گردونها نداد (سروش ۱۳۷۶،۵۰)

لەناو دڵی ئێمە کە بە قەد دڵۆپێکە، گەوهەرێک هەیە پەروەردگار نە بە دەریا و نە بە گەردوونی نەبەخشیوە.

کەواتە گەورەیی و بچووکی پێوەر نییە بۆ بەها و گرنگی، هەروەکو دڵ بەو قەبارە بچووکەی هەیەتی کەچی تایبەت کراوە بە عەشق و مەعریفەی پەروەردگار.

هەروەک باسکرا، هۆکاری گرنگی پێدانی عیرفان بە دڵ و عەشق بۆ چەند ئایەت و فەرموودەیەک دەگەڕێتەوە، کە عاریفان پشتیپێدەبەستن بۆ بەڵگاندنی بۆچوونەکانیان. بۆ نموونە لە یەکێک لە فەرموودەکاندا هاتووە: "لا یسعنی ارضی و لا سمائی و لکن یسعنی قلب عبدی المومن" (الحسانی، ٢٠١٦: ٧) واتە زەوی و ئاسمانەکانم جێگەی منیان تێدا نابێتەوە، بەڵام دڵی بەندەیەکی بڕوادارم من لە خۆدەگرێت، کە باس لە پێگەی دڵ دەکات لەلای خودا. مەولاناش لە مەسنەویدا بە جوانی گەورەیی دڵ نیشاندەدات و لە زمانی پێغەمبەرەوە دەڵێت، کە خودا فەرموویەتی تەنها لە دڵی ئینسانی ئیماندار و یەکتاپەرستدا جێگای دەبێتەوە:

گفت پیغامبر که حق فرموده است　　من نگنجم هیچ در بالا و پست
در زمین و آسمان و عرش نیز　　من نگنجم این یقین دان ای عزیز
در دل مؤمن بگنجم ای عجب　　گر مرا جویی در آن دلها طلب
(سروش ١٣٧٦، ١٢٠)

پێغەمبەر گوتی خودا فەرموویەتی، من نە لەسەرەوە و نە لەخوارەوە جێگام نابێتەوە، (واتە خودا نە لە ئاسمان و نە لە زەوی جێگای نابێتەوە.)، بەڵام لە دڵی ئینسانی ئیمانداردا جێگام دەبێتەوە، و ئەگەر دەتەوێت بە شوێن من(خودا)دا بکەویت پێویستە لەناو دڵی ئەوان پەروەردگار بدۆزیتەوە. کەوایە خودا لە دڵی ئینسانی ئیمانداردا تەجەللا دەکات و جێگای دەبێتەوە و مرۆڤ لەوێوە دەگاتە مەعریفە و ناسینی

حەق، ئەو دەسکەوتەش لە ڕێگەی عەشقەوە بەدەستدێت، چونکە تەنها ئینسانی عاشق ئامادەیە لە پێناو گەیشتن بە یار گوێڕایەڵی تەواوی فەرمایشتەکانی مەعشووق بێت و واز لە هەموو دڵبەندییەکانی خۆی بهێنێت و بە خۆبەدوورگرتن لە سیفاتە نەشیاوەکان و جەلادانی دڵ، ئامادەی دەرکەوتنی حەق تەعالا بێت.

لەلای صافی هیرانیش دڵ پێگەیەکی بەرجەستە و دیاری هەیە، بە جۆرێک لە دیوانەکەیدا کەمتر غەزەلێک بەرچاو دەکەوێت ئەم وشەیەی تێدا بەکارنەهاتبێت. تەنانەت لە شیعرێکدا کە بە شێوەی مەسنەوی هۆنراوەتەوە؛ بۆ زیاتر بەرزڕاگرتنی پێگەی دڵ، دژایەتی خۆی بۆ شیعرێکی بەناوبانگی مەولانای ڕۆمی "نی نامە" دەردەبڕێت و تیایدا بە پێچەوانەی مەولانا، کە دەڵێت گوێ لە نەی بگرە "بشنو از نی"، صافی داوا دەکات گوێ لە نەی نەگرین، بەڵکو گوێ لە دڵ بگرین "بشنو از دل" و لە چەندین دێردا پێگەی دڵ لەلای خودا نیشان دەدات و ڕۆڵی دڵ لە ناسین و گەیشتن بە مەعشووق دەخاتەڕوو:

دل همیشه جلوەگاه رحمت است — مظهر نور ضیای وحدت است
دل مکان کان او أدنی بود — دل مقام کنز لاینفی بود
جزءدر کل است دل زین کائنات — کائنات از کل جزءش سانحات

(صافی ٢٠٠٤، ٤٩٤-٤٩٣)

دڵ هەمیشە کانگا و شوێنی دەرکەوتنی دلۆڤانی و سۆزی پەروەردگارە، هەروەها دڵ شوێنی دەرکەوتن و ئاشکرابوونی نوور و ڕووناکیی زاتی خودا، کە هەمان یەکێتیی بوونە. دڵ هەمان ئەو شوێنەیە، کە پێغەمبەریش بەهۆیەوە گەیشتە نزیکترین شوێن لە خوداوە (لێرەدا شاعیر تەفسیرێکی شاعیرانەی بۆ ئایەتی ژمارەی ٩ی سوورەی النجم "فکان قاب قوسین أو ادنی"کردووە) و ئەگەر دڵ بگاتە پلەی

قەناعەت لەلایەن مەعشووقەوە نیشانە و ئامـاژەی بـۆ دێت و دەبێتە دڵێکی خاس و دڵی ئیمانداری کامڵیش بە وێنەی عەرشی پەروەردگارە. لـە دێری سێیەمدا؛ دڵ بەشێکە لـەم کائیناتـە چونکـە هـەموو شـتێک لـە بووندا پاژێکە لە گشت و کائیناتیش بەشێکن لـە دروسـتکراوانی خـودای گەورە و دڵیش شوێن و ئاوێنەی ناو و سیفاتە جوانەکانی خودایە.

صـافی بـاوەڕی بەوەیـە کـە دڵ گەنجینـەی ڕاز و نهێنییـەکانی پەروەردگارە و تـەنها دڵـی مـرۆڤ توانـای هەیـە لـە حەقیقـەتی شـتەکان تێبگات، چونکە حەقیقەتی بوون و جوانی ڕەها تەنها لـەناو دڵدا تەجـەللا دەکات، ئەمەش بۆ ڕێژەی دڵپاکیی ئینسـان دەگەڕێتـەوە، چونکـە دەبێت دڵ و دەروونی مرۆڤ لە ژەنگار و خەوشەکان پاک بکرێت تـاکو وەکـو ئاوێنەیـەک تـەواوی نـاو و سـیفاتی خـودا تیایـدا تەجـەللا بکـات ئـەمـەش تەنها بە هێز و تینی عەشق دەکرێت:

مصحف دل آیت مولا بود مظهر اسرار ما اوحی بود
از کتاب دل حکمها گوش دار تا شوی زین کنه عالم هوشیار
(صافی ٢٠٠٤، ٤٩٤-٤٩٣)

دڵ گەنجینـە و خـەزێنـەی نیشـانەکانی پـەروەردگارە و سـەرچاوە و هۆکـاری تێگەیشـتن لـە نهێنییـەکانیش وەکـو سـروش(وەحی) لـەناو دڵـی ئێمــەدا تەجــەللای کــردووە. هــەروەها گــوێ لــە ئامۆژگارییــەکان و بڕیارەکانی کتێبی دڵ بگرە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی عەشقەوە بگەیت بە مەعریفە و لە تەواوی حەقیقەتی بوون تێبگەیت.

بـەڵام صـافی ئـەوەش دەخاتـەڕوو، کـە هەرچـەنـدە دڵ سـەرچاوە و سەنتەری تەواوی نهێنییەکانی پەروەردگارە، بەڵام خـودا حەقیقـەتی ئـەم نهێنییانە بۆ هەموو کەسێک ڕوون و ئاشکرا ناکات:

همه اسرار دران کان نماید لیکن

بهمه کس ننماید چه کاری بینم (صافی ٢٠٠٤، ٤٤٩)

شاعیر لەبەر ئەوە دڵ بە گەنجینەیی ڕاز و نهێنییەکانی پەروەردگار دەزانێت، چونکە ئەم دڵە هەر لە ئەزەلەوە بە وێنەی عەشق خەملێنراوە و ئەوەی لە دڵی عاریفدا ڕەنگدەداتەوە وێنەی مەعشووقی حەقیقیە. بە باوەڕی صافی ئەم دڵە وێرانەیە داوای گەڕانەوە و یەکبوون دەکات لەگەڵ زاتی خودا، بەڵام ئەم جیهانە بەربەستێکە و وەکو قوفڵێک وایە کە بەر دەرگایماڵی دڵ دراوە:

گنج توحید ز ازل این دل ویرانه ماست

برزخ هستی ولی قفل در خانه ماست (صافی ٢٠٠٤، ٣٧٣)

بە بڕوای صافی ڕووناکی و درەوشاوەی خۆری دڵ بە هۆی جیلوەی عەشقە، چونکە هەر زەڕەیەک لە دڵ وەکو ئاوێنەی ئەسکەندەر و جامی جەم[٥] دەبێت، کە ئەگەر لە شەوەزەنگی ژیان و تەم و مژی ئارەزووە ماددییەکان پاکبکرێتەوە، تەواوی ناو و سیفاتی حەق تیایدا تەجەللا دەکات:

تابش خورشید دل از جلوه عشق است چون

ذره‌اش آیینه اسکندر و جام جم است(صافی ٢٠٠٤، ٣٦٥)

دەتوانین بڵێین لەلای هەردوو شاعیر دڵ گرنگییەکی تایبەتی هەیە، چونکە بە باوەڕی هەردووکیان، دڵ شوێنی ناسین و مەعریفەی مەعشووقە، کە ئەویش بە پاککردن و لابردنی ژەنگار دەهێتەدی.

---

١٦-بەپێی ئەفسانەکان، ئەسکەندەر لە شارەکەی ئاوێنەیەکی تایبەتی لەسەر منارەیەک دانابو بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی دوژمنان بەم ئاوێنەیە ئاگادار بکرێتەوە واتە ئاوێنەکە توانایی پیشاندانی شتی جۆراوجۆری هەبووە. هەروها جامی جەمیش ئەو جامە بوو کە هەموو جیهان تێدا دەبینرا.

مەولانا بڕوای وایە ئەم دڵە، کە لە بەرانبەر ئاسمان و زەوی بە قەد دڵۆپێکە، شوێنی گەوهەرێکی مەزنە، کە ناوی عەشقە و خودا تەنها بە مرۆڤی بەخشیوە. صافیش دڵ بە شوێنی دەرکەوتنی نووری خودا دەزانێت و بە ئاوێنەیەک دەیچووێنێت، کە تەواوی ناو و سیفاتی خودا تیایدا تەجەللا دەکات.

## ئەنجام

بنەمای سەرەکی هزری مەولانا جەلالەددینی ڕۆمی و صافیی هیرانی لەسەر عەشق بنیاتنراوە و عەشق لایەنێکی بەرجەستە و دیاری جیهانبینیی ئەوان پێکدەهێنێت. چەمکی عەشق لای هەردوو شاعیر بە زۆری هاوشێوەیە و ئەمەش بۆ ئەو پەیوەندییە ڕۆحی و هاوچەشنییە دەگەڕێتەوە، کە لە دەروونی شاعیرانی سەر بە عیرفانی عاشقانەدا هەیە. واتە هەرچەندە مەولانای ڕۆمی و صافیی هیرانی هەریەکەیان شێوازێکی تایبەت بە خۆی لە سلوک و بڕینی قۆناغەکانی عیرفان هەیە، بەڵام ئامانجی هەردووکیان گەیشتنە بە مەعشووق و یەکێتیی بوون لە ڕێگەی عەشقەوە. دەبێت ئاماژە بەمە بدرێت، ئەوەی مەولانا لە زۆربەی شاعیران و لەناویاندا لە صافی جیادەکاتەوە ئەوەیە، کە بۆچوونەکانی بە شێوەیەکی چڕوپڕ و هەمەلایەنتر وروروژاندووە و خاوەن بیرکردنەوەیەکی سیستماتیکترە.
مەبەستی هەردوو شاعیر لە عەشق، عەشقێکی حەقیقییە چونکە ئەوان عەشق بە ئەزەلی و ئەبەدی دەزانن و هۆکاری هاتنەدیی جیهان، بۆ عەشقی خودا بۆ جوانیی خۆی دەگەڕێننەوە کە بووەتە هۆی بەدیهاتنی بوون. هەروەها پێیانوایە تەنها یەک حەقیقەت هەیە، ئەویش خودایە و گەردوون بە جیلوە و تەجەللای مەعشووقی حەقیقی دادەنێن.
پەیوەست بە پەیوەندی نێوان عەشق و جوانیدا، بە باوەڕی مەولانای ڕۆمی و صافیی هیرانی؛ ئافراندنی ئەم گەردوونە بە هۆی عەشقی خودا بۆ جوانیی

خۆی بووە. هەرچەندە مەولانا لە پەیوەندیی نێوان عەشق و جوانیدا، هەردوو جۆری پەیوندییەکە لە شیعرەکانی بەدیدەکرێن واتە هەم جوانیی بە هۆکاری عەشق دەزانێت و هەم بڕوای بەوەیە عەشق وادەکات جوانی دروست ببێت، بەڵام صافیی هیرانی تەنها جوانی بە هۆکاری پەیدابوونی عەشق دەزانێت.

لە پەیوەندی نێوان عەشق بە خەمەوە، مەولانا و صافی تەواوی خەم وناڵەی مرۆڤ لەم جیهانەدا بۆ دووری و جیابوونەوە لە مەعشووقی ئەزەلی دەگەڕێننەوە. لەلایەکی ترەوە هەرچەندە لای هەردووکیان خەم هاوڕێی بەردەوامی عەشقەکەیانە، بەڵام دیمەنی شادی و ئۆمێد لای مەولانا بەرجەستەترە و عیرفانی صافی ڕەنگی خەم و ئازار و ڕەنجی زیاتری پێوە دیارە.

## سەرچاوەکان


ابراهیم رحیمی زنگنه، و همایون شکری. ١٣٩٤. "رابطه حسن و عشق در عرفان اسلامی." *دانشگاه محقق اردبیلی* ١.

افلاطون. ١٣٨١. *ضیافت*. تهران: انتشارات جامی.

ایرج کشفی. ١٤٠٠. *اینه عشق، شرح موضوعی اثار مولانا جلالدین محمد بلخی*. تهران: انتشارات ئارون.

بابک شمشیری. ١٣٨٥. *تعلیم و تربیت از منظر عشق و عرفان*. تهران: انتشارات طهوری.

بدیع الزمان فروزانفر. ١٣٧٦. *کلیات شمس تبریزی*. تهران: انتشارات امیر کبیر.

بنیامین ابراهموف. ١٣٨٨. *عشق الهی در عرفان اسلامی*. تهران: نگاه معاصر.

بهمن نزهت، علی رضا مظفری، و سمیه جبارپور. ١٣٩٧. "سیر و تطور نظریه عشق در ارا و اندیشه های عرفانی-فلسفی روزبهان و ابن دباغ." *متن پژوهی ادبی* ٧-٣٢.

جعفر سجادی. ١٣٧٠. *فرهنگ اصطلاحات و تعبیرات عرفانی*. تهران: طهوری.

جلال ستاری. ١٤٠٠. *عشق صوفیانه*. تهران: نشر مرکز.

چیتیک، ویلیام .١٣٩٩ .*عشق الهی* .تهران: سوفیا.

حمید جواهریان، و حسین اذر پیوند. ١٣٩٧. "گریه در متون نظم عرفانی." *نشریه علمی سبک شناسی نظم و نثر فارسی* ١ - ١٧.

داود بسطام. ١٣٩٢. "بررسی عشق و محبت در اثار احمد غزالی در مقایسه با عین القضات." *پایان نامه.* تهران: دانشگاه ازاد اسلامی، ٤ ٤.

زهرا نجفی. ١٤٠٠. "فراز و فرود جایگاه عاشق و معشوق در هر دوره، تغییر ماهیت معشوق به زمینی یا اسمانی و تغییر دیدگاه شعرای معاصر در عشق ورزی." *پایان نامه کارشناسی ارشد.* ٤ ٥.

سعید کرکه ابادی. ١٣٩٢. *عشق و عرفان در دیوان شیخ علاء الدوله سمنانی.* سمنان: حبله رود.

سیدعلی محمد سجادی. ١٣٨٢. "گر نبودی عشق." *مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تربیت معلم* ٢١.

سیروان زەند. ٢٠١١. "مەعریفە و حەقیقەت لە نێوان فەلسەفە و عیرفان لە شیعرەکانی ((مەحوی)) دا." *نامەی دکتۆرا.* هەولێر: زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی زمان.

سیمین انصاری فرد. ١٣٧٥. "جلوەهای عشق در مثنوی معنوی." *پایان نامه کارشناسی ارشد.* تهران: دانشگاه شهید بهشتی، ٣.

صافی. ٢٠٠٤. *دیوانی صافی.* هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

عباس بخشنده بالی، و علی اکبر شوبکلایی. ١٣٩٧. "جلوه های عاشقانه نظام وحدت وجود ابن عربی در رباعیات و غزلیات بیدل دهلوی." *فصلنامه علمی عرفان اسلامی* ٥١-٦٦.

عبدالحسین زرینکوب. ١٣٦٣. *جستجو در تصوف ایران.* تهران: انتشارات امیر کبیر.

عبدالرحیم عناقه، و الهه کلاهدوز. ١٣٨٩. "بررسی غربت انسان در اشعار مولانا." *پژوهشنامه زبان و ادب فارسی(گوهرگویا)* ١٦١ - ١٨٨.

عبدالکریم سروش. ١٣٧٦. تهران: انتشارات علمی فرهنگی.

—. ١٣٧٦. ج. تهران: انتشارات علمی فرهنگی.

عبدالکریم سروش ج١. ١٣٧٦. ج. تهران: انتشارات علمی فرهنگی.

علی اکبر بزی، احمدرضا فرزانه، و بهروز رومیانی. ١٤٠٠. "مقایسه مفهوم عشق در غزلیات عطار، مولوی، سعدی، حافظ." *فصلنامه بهارستان سخن* ١٩١-٢١٦.

عين الله خادمی، و اكرم باغخانی. ١٣٩٣. "تبيين ديدگاه هستی شناسانه ابن سينا پيرامون عشق." *پژوهشهای هستی شناختی دو فصلنامه علمی- پژوهشی* ٦٩-٨٤.
فاطمه ابويسانی، و فاطمه مجيدی. ١٣٩٣. "تقابل غم وشادی در غزليات عطار." *مجموعه مقالات نهمين همايش بين المللی ترويج زبان و ادب فارسی.*
قاسم ميرآخوری. ١٣٩٩. عشق، *زن و ويبايی از نگاه محی الدين ابن عربی.* تهران: كوهسار.
كازم حسێن. ٢٠١٨. *جوانیناسی عەیرفانی لە شیعرەکانی شێخ نوورەدینی بریفکانی دا.* سلێمانی: چاپخانەی گەنج.
محمد بن اسماعيل بن ابراهيم البخاری. ٢٠٠٢. *صحيح البخاری.* دمشق: دار ابن كثير.
محمد حسن حائری. ١٣٨٦. *مبانی عرفان و تصوف و ادب فارسی.* تهران: نشر علم.
محمد قزوينی، و قاسم غنی. ١٣٢٠. *ديوان حافظ.* تهران: سينا.
محمد مەلا مصطفی. ٢٠٠٤. *ديوانی صافی.* هەولێر: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
محمدرضا نكونام. ١٣٩٣. *مقامات عارفان.* تهران: صبح فردا.
محمود حيدری، و داوود رمضانی پارسا. ١٣٩٧. "غربت عارفانه در شعر حافظ و ابن فارض." *دو فصلنامه مطالعات تطبيقی فارسی - عربی.*
محی الدين ابن عربی. ١٤٠٠. عشق *و عرفان.* تهران: جامی.
مرتضی شجاری، و زهرا گوزلی. ١٣٩٢. "دل آدمی و مراتب آن در عرفان اسلامی." *فصلنامه ادبيات عرفانی* ١٣٩-١٧٦.
مهدی مروجی. ١٤٠٠. معنويت *سكولار، مغلوب معنويت خداباور.* ١ ١١. تاريخ الوصول ١٧ ٥، ١٤٠١. https://www.roshdmag.ir.

# الملخص

مولانا جلال الدين الرومي وصافي الهيراني شاعران وعارفان مشهوران في الأدب الفارسي والكوردي، وضمن أشعارهم أنعكس موضوع العشق وخصائصه بشكل ملحوظ. وبالرغم من أن الأدباء ومختصي الأدب قاموا بالكثير من الشروح والتحليلات لأشعارهم، ولكن في ميدان المقارنة والتقييم لا يوجد لحد الآن عمل يتعلق بالجانب العشقي العرفاني عند هذين الشاعرين. لذلك في هذه الدراسة نسعى إلى أن نسلط الضوء على العشق وخصائصه والنقاط المشتركة والخلافية ونحددها بين هذين الشاعرين. والنتائج الموصولة إليها من خلال تحليل أشعارهما تفيد أن للعشق الحقيقي مجموعة من الخصائص، وتبدو في أشعارهما بنسب متفاوتة. وبالرغم من الفترة الزمنية المتباعدة بين الشاعرين، إلى أن وجهات النظر لديهما تبدو متشابهة وموحدة، والسبب يرجع إلى أن مصدر الفكر والرؤى عند الشاعرين كانت منبثقة من الشريعة والعرفانية الإسلامية.

**الكلمات الدالة:** العشق، العرفان، مولانا، صافي، عارف

## Abstract

Mawlana، Jalal al-Din Rumi and Safi Hirani are two knowledgeable and well-known Persian and Kurdish artists، who within their Ghazals the subject of love and its characteristics are evidently displayed. Although artists and experts of art have much examined and analysed the two poet's verses، in the field of comparison and evaluation، few efforts were made with respect to mystical love in the work of the two poets. Despite the long time period between the lifetimes of the two artists، in this study we endeavour to highlight love and characteristics of love، and point out common and different features of the term of love. The results obtained from the analysis of the verses of the two artists reveal that the true love has some characteristics which are manifested in their work. Also the perspectives of the two poets concerning love are relatively the same.

**Key Words**: love، mysticism، Mawlana، Safi، mystic